گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرین
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/art039.a1884
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 29/08/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 16/10/2023
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/06/2025

# تیۆری ئێستێتیکی ئادۆرنۆ وەک ڕەخنەی هونەر لە کۆمەڵگە

توانا عەبدولڕەحمان عەبدوڵلا[1]- ئازاد حەمە عەبدوڵلا[2]
azad.hama@univsul.edu.iq - twana.abdullah@univsul.edu.iq
[1]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2]بەشی باخچەی ساوایان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
هەرچەندە فەلسەفەی ئادۆرنۆ زیاتر نوێنەرایەتی تیۆری ڕەخنەیی دەکات، بەڵام "تیۆری ئێستێتیک" هەڵگری دیدێکی فراوانی ڕەخنەیە لە زۆربەی بوارە جیاوازەکاندا، بەتایبەت ڕەخنەیی هونەر و پەروەردە، سۆسیۆلۆژی. دیدی ڕەخنەیی ئادۆرنۆ بۆ هونەر بەشدارییەکی فرە لە ئەرگۆمێنتی هاوچەرخدا دەکات، بەتایبەت ڕەخنەی لە هونەریی گۆمەڵگەی مۆدێرن و سەرمایەداری. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات لە ڕوانگەی ئادۆرنۆوە هونەر وەک ڕەخنە لە کۆمەڵگەی مۆدێرن و سەرمایەداریی هاوچەرخ شرۆڤە بکات، کە چڕبونەوەیە لە ڕەخنەی هونەر لە کۆمەڵگە و پاشان هونەری ئۆتۆنۆم وەک ئەڵتەرناتیڤی بەهێز بۆ گۆڕانکاری، لەگەڵ ڕەتکردنەوەی هونەری ترادیسیۆن و ناسەربەخۆ. توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی پرسیارانە بداتەوە؛ ئایە ئێستیێتیک و هونەری ئۆتۆنۆم چییە؟ پاشان هونەر وەک ڕەخنەیی کۆمەڵگەی مۆدێرن و سەرمایەداری لەگەڵ ڕاڤەی پیشەسازی کلتوری و چۆنیەتی ڕوانینی لە هونەر، کە بە درێژایی توێژینەوەکە، لە ژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی ئادۆرنۆ شرۆڤەکراون.

**کلیلە وشەکان:** ئێستێتێک، پیشەسازی کلتوری، ڕەخنەی هونەر، هونەری سەربەخۆ.

# Adorno's Aesthetic Theory as the Critique of Art in Society

Twana Abdulrahman Abdullah[1] - Azad Hama Abdulla[2]

[1]Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
[2]Department of Kindergarten, College of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Although Adorno's philosophy represents more critical theory, but "Aesthetic theory" includes a broad view of criticism in many different fields, especially criticism of art, education and sociology. Adorno's critical view of art makes many contributions to contemporary argument, specifically his critique of art in modern and capitalism society. This investigation attempts to interpret art as critique of modern and contemporary capitalism society from Adorno's perspective, which is a focus on art criticism of society and then autonomous art as a strong alternative for alteration, with the rejection of traditional art and nonautonomous art. The study seeks to answer the following questions; what are aesthetics and autonomous art? Then, art as critique of modern and capitalism society with an interpretation of the culture industry and how to look at art, which is explained throughout the study in light of Adorno's philosophy.

**Keywords:** Aesthetics, Culture Industry, Art Criticism, Autonomous Art.

## پێشەکی:

هزری ڕەخنەیی ئادۆرنۆ لەزۆربەی بوارەکاندا بەشدارییەکی چڕدەکات، بەتایبەت هونەر و پەروەردەیی هونەر، دەبێتە ژێدەرێکی گرنگ بۆ ڕەخنە و بوارە جیاوازەکانی، ئادۆرنۆ وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیۆری ڕەخنەیی، ڕۆڵی کارای لە ئێستێتیکی هاوچەرخدا هەیە، بەتایبەت لە دوای هەردو جەنگی جیهانی، کە بەهۆی کێشەکانی دوای جەنگەوە، ڕەخنە وەک پێویستییەکی بناغەیی جێگەی بایەخی هزرڤان و ناوەندە هزرییەکان بو، ئادۆرنۆش وەک یەکێک لە فیگەرە سەرەکییەکانی فێرگەی فرانکفۆرت لە بواری ڕەخنەی هونەریدا بەشدارییەکی چالاک دەکات، بە تایبەت دیدی ئەو لەمەڕ دیارکردنی کرۆکی کێشەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری.

**کێشە و ناوەڕۆکی توێژینەوەکە**: توێژینەوەکە هەوڵدانێکە بۆ شرۆڤەکردنی ئێستێتیک لەتەک هونەر وەک ڕەخنەی کۆمەڵگە لە دیدی ئادۆرنۆوە، کە ئەم جۆرە ڕەخنەیە بۆ ئەمڕۆی هونەر لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی پێویستە، بەتایبەت

لە ناوەندی هزریی و ئەکادیمیدا، تاوەکو تاک سەربەخۆ و بەئاگابێت و هزری ڕەخنەیی بەگەڕبخات. توێژینەوەکە لە دوبەش سەرەکی پێکهاتوە، هەر بەشێک بەسەر دو تەوەردا دابەشکراوە، بەشی یەکەم: دیدی ئێستێتیکی ئادۆرنۆ و هونەر وەک ڕەخنەی کۆمەڵگە، کە لە سەرەتادا دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە ئێستێتیکی ئادۆرنۆ و پاشان ڕەخنەی ئەو لە هونەری مۆدێرن و سەرمایەداریی بەوردی شرۆڤەکراون، لە بەشی دوەم: هەوڵدراوە دیالێکتیکی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک، لەگەڵ ئەڵتەرناتیڤی بەهێز کە چڕبوەنەوەیە لە هونەری ئۆتۆنۆم ڕاڤەکراون.

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە، جگە لە ڕاڤەکردنی بابەتی ئێستێتیک لای ئادۆرنۆ، خستنەڕوی ئەڵتەرناتیڤێکی بەهێزە بۆ هونەری کۆمەڵگەی سەرمایەداری هاوچەرخ، گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، شرۆڤەی هونەر دەکات وەک ڕەخنەی کۆمەڵگە، شرۆڤەی بابەتێکە، کە مرۆڤ لەنێو دنیای سەرمایەداری هاوچەرخدا لەژێر ڕکێفی هێزە زاڵ و ستەمکارەکان نامۆبوە و بەویستی خۆیان ئاراستەی دەکەن، هونەریش گۆڕاوەو بەهاکەی وەک شەمکێک مامەڵەی پێوە دەکرێت.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی شرۆڤەی ڕەخنەییە، کە ڕاڤەیەکی ڕەخنەییانەی بۆ هونەری کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئەنجامدراوە، لەژێر ڕۆشنایی هزری ڕەخنەیی ئادۆرنۆ.

## بەشی یەکەم: ئێستێتیک و دیدی ڕەخنەیی ئادۆرنۆ

### باسی یەکەم: ئێستێتیک و تێگە بناغییەکانی لە دیدی ئادۆرنۆوە

ئێستێتیکی (فەلسەفەی هونەر و جوانی) ئادۆرنۆ، کە بناغە هزرییەکەی ئیشکردنە لەسەر تێپەڕاندنی ئێستێتیکی ترادیسیۆنی ئایدیالیستی ئەڵمانی و بنیاتنانی بە سودوەرگرتن، لە ئێستێتیکی ماتریالیستی مارکسی، گۆڕینی بۆ هزری ڕەخنەی هونەر. کرۆکی دەرچونی ئادۆرنۆ لە تیۆری ئێستێتیک[ii]دا، هونەر پەیوەستە بە ڕاستییەوە، واتا ڕاستی ئیشی هونەری لە پاڵ فەلسەفەدا بونی هەیە، هەربۆیە پێگەی ئێستێتیک پەیوەستە بەشرۆڤەی پێکهاتەی ڕاستییەوە، کەواتە پەیوەندی نێوان هونەر و فەلسەفە، پنتی سەرەتای ڕۆچونە نێو ئێستێتیکە )زاوەرلاند, ٢٠١٢(. وەک ئادۆرنۆ دەڵێت: "ناوەڕۆکی ڕاستی ئیشێکی هونەری پێویستی بە فەلسەفە هەیە. تەنیا لەم ناوەڕۆکە ڕاستەدا فەلسەفە لەتەک هونەردا کۆدەبێتەوە یان خۆی تێدا دەکوژێنێتەوە" (Adorno, 2002, p. 341).

تێگەیشتن لە ئێستێتیک و هزری ئادۆرنۆ ئاسان نییە و دەکەوێتە بەردەم کێشەوە، چونکە میتۆد و شێوازی نوسینی لە هزرڤانانی دیکە جیاوازە، ئادۆرنۆ کە زیاتر ئێسەی نوسیوە، بەزمانێکی ئالۆز و سەخت نوسیوەیەتی، زۆرێک لە توێژەران هاوڕان لەسەر ئەوەی، کە پەرتوکی "تیۆری ئێستێتیک[iii]" یەکێکە لە گرنگترین نوسینەکانی بواری ئێستێتیک لە سەدەی بیستدا، کە بەزمانێکی سەخت نوسراوە، هەر لەبەرئەمەیە هەتا ئێستا بۆ زۆرێک لە زمانەکان دنیا وەرنەگێڕدراوە، بە هەمان شێوە نوسینەکانی دیکەشی ئاسان نین و گەرەکە ئاگاییانە مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت. جگەلەوەش هزری ئادۆرنۆ تێپەڕین و بازادانە لە قۆناغی بەر لەخۆی، وەک دەڵێت: "ئێستێتیک دەبێت لە مشتومڕی نێوان کانت و هیگڵ تێبپەڕێت "بەبێ ئەوەی لە ڕێگەی سەنتێزەوە ئاوێتە بکرێن (Adorno, 2002, p. 355)

بە بۆچونی ئایۆن مەهاراج تیۆری ئێستێتیکی ئادۆرنۆ تایبەتمەندی ناوازە و مشتومڕاوی هەیە، کە هەوڵدەدات تاگەڕایی و کاریگەری کۆمەڵایەتی ئەزمونە ئێستێتیکیەکان شرۆڤە بکات، لە هەمان کاتدا دورکەوتنەوە لە داوی میتۆدی فینۆمینۆلۆژی، چونکە لە ڕوانگەی ئادۆرنۆوە هزرڤانان بەدرێژایی مێژوی مۆدێرن میتۆدی فینۆمینۆلۆژیان بۆ هونەر بەکارهێناوە، هەر لە کانت و شێلینگ و شۆپنهاوەر، تاوەکو هایدیگەر و شوێنکەوتوانی، کە زیاتر "جەختیان لەسەر

"توخمی ناپێوانەیی" کردۆتەوە، کە لە هونەردا سەخت نییە و بەلۆژیکی گوتاری ماندو نەکراوە، بەبێ ئەوەی مانیفێستکردنی هەمو هونەر بێت" (Maharaj, 2013, p. 154).

ئادۆرنۆ لەسەر ڕەخنەکەی بەردەوام دەبێت، کە ترادیسیۆنی فینۆمینۆلۆژی مەبەستی بوە لە دروستکردنی هەڵەی دیار، بە هێنانە ئارایی" ئەزمونی ئێستێتیک وەک حاڵەتێکی پۆزەتیڤی حەدەسی (*Intuitive*)[iii] خێراو و تەواو. وەک چۆن لەلای کانت دەبینرێت، کە چێژی ئێستێتیکی هەستێکی ناتێگەییە لە هارمۆنی (تەبایی) تواناکانی زانین دا، لای شیلینگ ئێستێتیکی دەرککردن (*Intuition*)، کە هیچ تۆمار ناکات کەمتر لە ئێستێتیکی مێتافیزیکیانە، هارمۆنی لە نێوان سەبژێکت و ئۆبژێکت" (بنە و بار)دا. بۆ هایدیگەریش ئەزمونی ئێستێتیک ئەوە ئاشکرا دەکات، کە پێیدەڵێت "بونی هەبوەکان" ( *Benig of beings*). Maharaj (2013). ئادۆرنۆ هەڵەی فینۆمینۆلۆژی هەردوک بەشکستهینان لە دانپێدانانی "نێوەندگیری هزری" (*Intellective mediation*) لە ئیشی هونەریدا و بەو بارگرانییەی هونەر لەگەڵ ڕۆڵێکی نیمچە تیۆلۆژیانە[iv]، کە ناتوانرێت پراکتیزە بکرێت تۆمەتبار دەکات(Adorno, 2002, p. 90)

هەربۆیە تایبەتمەندی هزری مۆدێرن لە سەر ئەزمونی ئێستێتیک دژبەر و چارەسەر نەکراوە، زیاتر لە دو ئاراستەی ترادیسیۆنی خۆی مانیفێستکردوە، کە هەر لەسەرەتاوە شێوەی ئێستێتیکی مۆدێرن بوە، ترادیسیۆنێکیان[v] تەنیا یەک توخمی ئەزمونی ئێستێتیک دەردەبڕێت، کە لە نێو دیسکۆرس (گوتار) ی هەمەجۆر و شێوازی ئەزمونکردندا، بە دروستکردنی پانتاییە جیاکراوەکانی هۆش. ئەوی دیکەیان، ئەزمونی ئێستێتێک بەشاراوەیی وەسفکراوە، کە سنوری هۆش تێدەپەڕێنێت، لە دیسکۆرسی نا ئێستێتیکیدا چێبوە. سەرەتا لە ئێستێتیکی کانتدا تێکەڵکراون، دواتر هەردو ئاراستە ترادیسیۆنەکە زیاتر لە بەرکەوتە نوێکاندا، لە تیۆری ئێستێتیکی ئادۆنۆردا تێکەڵکراون(Adorno, 2002) .

بۆ ئادۆرنۆ ئیشە هونەرییەکان و ئەو ئەزمونانەی دەیوروژێنن تەنیا وەک ئۆبژێکتە، بەڵام زیاتر لەمەش تایبەتمەندی ئیشە هونەرییەکان وەک بەرگریکردنە لە بونی هزر یان ئۆبژێکت، بەمەش فەرمانە بە تەنیا جۆرە "خەباتێکی (*agonistic*)[vi] بەرەنگاری کە یارمەتی ئۆدسیۆسی (*odysseus*) دا، خۆی بکاتە دژبەر لەتەک ئەو شتەی کە ئەندێشەی دەکرد، بەرەنگاری ببێتەوە". کەواتە ئیشی هونەری چەقی پرۆژەی پەرچاندن و شیمانەی پەرەسەندنی زیاتری سەبژێکتیڤیتییە (Maharaj, 2013).

ئادۆرنۆ لە تیۆری ئێستێتیکدا زۆرجار ئاماژەی بە کانت و هیگڵ کردوە، بەتایبەت لەسەر بابەتە سەرەکییەکانی وەک دیالێکتیک، فۆرم و ناوەڕۆک و پەیوەندییان بەیەکترەوە، بۆیە هەندیک جار گەرەکە بۆیان بگەڕێینەوە، لای ئادۆرنۆ بە هەمان شێوەی هیگڵ ئیشی هونەری سەبژێکتیڤی ئۆبژێکتە "واتا ئیشە هونەرییەکە بە فۆرمێکە کە وەک ئۆبژێکت بکرێت بە سەبژێکت"، سەبژێکتیڤیتی ئیشی هونەری، بۆ کاراکتەری تایبەتی ئۆبژێکتیڤ دەگەڕێتەوە، چونکە ئیشە هونەرییەکە ئۆبژێکتێکی تەواونەکراو و ناتەواوە، بەهۆی ئەمەوە "بانگێهشتی هزرین دەکات". لەوانەیە تێبینی بکەین، کە هەمو ئۆبژێکتەکان (شتەکان) ناتەواون تا ئەو ئەندازەیەی، کە تەنیا کورتکراوەی مەغزاکانی سەبژێکتیڤیتین، بەڵام ئیشی هونەری بەپێچەوانەی هەمو ئۆبژێکتەکانی دیکەوە، تا ئەو ڕادەیەیی کە فۆرمێکی ناتەواوی چالاکی سەبژێکت بێت، ترادیسیۆن و پەرچاندنە. بێگومان ئەرکی سەبژێکتیڤیتی ئەوە نییە، کە تەواو بێت، چونکە ئەو ئاماژەیە، بەڵکو دەرکەوتەی دۆخی جێگیرییە (Huhn, 2006, 6-8) .

ئەرکەکەی زیاتر ئەوەیە، کە سەبژێکتیڤیتی لەخۆیدا بەردەوام بێت، واتە زیاتر بێت لەوەی، کە پێشتر هەبوە، بەڵام بۆ ئەوەی، کە ببێتە زیاترێک لەوەی، کە پێشتر بوە پڕ کێشەیە، لەبەرئەوەی نەک هەر جیاکردنەوەی ئەوەی کە زیندوە

لەوەی، کە مردوە لە فۆرمی سەبژێکتدا سەختە، بەڵکو ڕون نییە چۆن جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو ئۆبژێکتە (شتە) مردوانە، کە لەوانەیە بەرپەرچی سەبژێکتیڤ بدەنەوە، لەگەڵ ئەوانەی، کە لەوانەیە نەبن. ئیشی هونەری ئادۆرنۆ لەم بابەتەدا تردیسیۆنی کانتی پەیڕەو دەکات دەربارەی کاریگەری بڕیاردانی ئێستێتیک - ساتێکە بۆ هەڵوەشانەوەی سەبژێکت و پێکهێنانەوەی، تەواو نەبونی ئیشە هونەرییەکەیە، کە گەورەترین بەڵێنی بۆ سەبژێکتەکە هەیە Adorno)، 2002(.
هەربۆیە ئیشی هونەری ئەو ڕوداوە نییە بۆ سەبژێکت، کە ئۆبژێکتەکە خۆی تەواو بکات، بەڵکو ئەوەیە کە ئادۆرنۆ "بە کرۆکی ڕاستیی" ناوی بردوە، کۆتایی کراوەی ئۆبژێکتێکە بە پشودان لە نێو نەبونی تەواوبونیدا. کرۆکەکەی شتێک نییە، بە تایبەت هەندێک ڕاستی نییە، کە لەلایەن سەبژێکتەوە ڕاڤەبکرێت. ئیشی هونەری جێگرەوەیەکە بۆ ڕودانەکە بۆ ئەوەی سەبژێکتەکە خۆی بە دۆخێکی تەواو بچوێنێت، بەم شێوەیە سەبژێکت مۆدێلێکی ترادیسیۆنی لە مەترسی بون بە سەبژێکتیڤتی پێدەدرێت، هەروەها چۆنیەتی ڕێگەنەدان لە جێگیربونی سەختە. لێرەدایە گەورەترین کێشەی سەبژێکت و ئۆبژێکت (Huhn, 2006, 8).
بە بۆچونی ئادۆرنۆ ئیشی هونەری هەرگیز پۆڵێن ناکرێت و ناخرێتە چوارچێوەی زانستی تایبەتەوە، بەڵکو "ئیشی هونەری درکێکە لە چاوی جیهانی" دەسەڵاتدارەوە، ئەو جیهانەی دەیەوێت هەژمونی بەسەر هەمو شتێکدا بسەپێنێت، کە کۆمەڵگەی خۆبەڕێوەبەری سەرمایەگەرییە لە ئەمرۆدا. بۆیە جیهانی دەسەلاتدار خۆشترین شت بۆی ئەوەیە کە بتوانێت "لەسەر هەمان ڕەچەتەی کۆنی پلاتۆن نەفرەت لە هونەر بکات و لە جیهانەکەی خۆی فڕێی بداتە دەرەوە"، هەروەها هونەر بۆ ئەم جیهانە بەڕێوەبەرایەتییە مایەی نیگەرانییە، "چونکە تاسە بۆ دۆخێکی ئەوتۆی کۆمەڵایەتی بێدار دەکاتەوە" )زاوەرلاند, ٢٠١٢, ٣(
پەیوەست بە لایەنی کرداریی هونەرەوە، بێگومان ئادۆرنۆ جۆرە "هونەریک ڕەتدەکاتەوە"، کە بە مەبەستی "پراکتیکێکی کۆمەڵایەتیانەی کارا بێت"، چونکە ئەم هونەرە دەبێت بە هاوکار بۆ ئایدۆلۆجیاو هاوبەشەکانی دەسەڵات. دەکرێت بگوترێت، ئادۆرنۆ بڕوای بە کرداریی کۆمەڵایەتی نەبو، بەڵکو دەبێت ئیشە هونەرییەکان ئۆتۆنۆم (سەربەخۆ) بن، هەرچەند ئەرکی گەیاندن و نێگەتیڤێتیان لەسەرە، بەڵام سەرباری ئەوە دەبێت سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، واتە لە پراکتیک دوربن. جیگەی ڕاڤەیە ئادۆرنۆ لە تیۆری ئێستێتیکدا دەڵێت: "هونەر ئەنتی تیزی کۆمەڵایەتیانەی کۆمەڵگە"یە. ئەم "کۆمەڵایەتی" یە بەو واتایە نییە کە هونەر هیچاندنی کۆمەڵگەیە، "هیچاندنی ئەویدی نییە"، بەڵکو مەبەستی ڕەخنەی کۆمەڵگەیە، کە بەدرێژایی مێژو پڕیەتی لە موئنات و کێشە. کەواتە هونەر پەرچاندنی دۆخی نامۆبون و بێهیوایی کۆمەڵایەتییە )زاوەرلاند, ٢٠١٢ .pp, ٧-٩(، لە باسی دواتردا وردتر ڕاڤەی هونەر وەک ڕەخنە لە گۆمەڵگە دەکەین.

## باسی دوەم: هونەر وەک ڕەخنە لە گۆمەڵگەی مۆدێرن و سەرمایەداریی

دەکرێت دیدی ئادۆرنۆ بۆ ئێستێتیک وەک ڕەخنەیەک لە تێگە (چەمک) ی ترادیسیۆنی هونەر و جوانی لێیبڕوانرێت. ئەو پێیوایە، کە پیشەسازی کولتوری[vii] سەرمایەداری گۆڕانی بەسەر هونەرو واتای هونەردا هێناوەو کە "بە شمەککردن و فیتیشکردن[viii] و ستانداردکردن (*Standardization*) بەرهەمەکان، لەگەڵ ملکەچبونی تاکڕەوانە، نائەقڵانیی، یەکسانبون، ئیگۆ-لاوازی و ڕەفتاری وابەستەیی وەرگرەکانی" (Witkin, 2003, 3)، بە شێوەیەک، کە بەرهەمێکی ستاندارد و پێشبینیکراوی لێدروستکردوە، کە لەگەڵ ویست و ئارەزوی وەرگر بگونجێت و هارمۆنی بێت، بە بۆچونی ئادۆرنۆ مەبەستەکانی هونەر بۆ بەرەنگاربونەوە و تێپەڕاندنی بارودۆخە کۆمەڵایەتییە ستەمکارەکان ساتێکی مێژویی

دیاریکراوە، لە داکەوتی گۆمەڵگە، چونکە بۆ ئادۆرنۆ "هونەر لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە تێیدا هەڵکەوتوە، جیا ناکرێتەوە" (Bowie, 2022, 91).

لە ڕوانگەی ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەرەوە "پیشەسازی کولتوری" هزرین و ڕەخنەی ئۆتۆنۆم ناهێڵێت، بەڵکو خزمەت بە پاڕاستنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەکات، جۆرە کات بەسەربردنێکی ئاسان دابین دەکات، کە لەچەند ڕێگەیەکەوە خەڵک خەریک دەکات لە هەڵە و نەخۆشییەکانی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران (Adorno, 2002)، واتا وەک ئەوەی هەنوکە دەبینریت دەسەڵاتی سەرمایەداریی لەڕیگەی جۆراوجۆرەوە وەک تەکنەلۆژیا ئامرازەکانی، هتد...، مرۆڤایەتی خەریککردوە. ئادۆرنۆ دەڵێت: وشەی "پیشەسازی کولتور بۆ یەکەمجار لە پەرتوکی دیالێکتیکی ڕۆشنگەریدا بەکارهات [...] ساڵی ١٩٤٧ [...] باسمان لە "کلتوری جەماوەری" (*Mass Culture*) کرد. ئەو دەربڕینەمان بە 'پیشەسازی کولتور' گۆڕی" (Adorno, 2005, 98)، ئەو لە ڕەخنەی پیشەسازی کولتوریدا تیشک دەخاتە سەر تێگەی پیشەسازی "کە کولتور وەک شمەک بەرهەم دەهێنێت"، بۆ ئادۆرنۆ پیشەسازی کولتوری بەشدارە لە ستانداردکردنی چێژ و بەشمەکردنی بەرهەمە هونەریی و کولتورییەکان، بە فۆرمێک دەیبینێت، کە پاڵهێزێکی نهێنی هەیە، کە بریتییە لە بەدەستهێنانی قازانج لەسەر حیسابی ئافراندن و ڕەسەنایەتی، هەروەها سروشتی ستانداردی بەرهەمە کولتورییەکان، بە بۆچونی ئادۆرنۆ، ئەمەش دەرئەنجامی داواکاری بەکارهێنانی بەکۆمەڵ و جەماوەرییە، کە دەبێتە هۆی یەکسانبونی ئەزمونی کولتوریی و نەبونی گۆڕانکاری Bowie)، 2022(، واتا "پراکتیکی پیشەسازی کولتوری پاڵنەری قازانج بە پوختی دەگوازێتەوە بۆ سەر فۆرمەکانی کولتور" (Adorno, 2005, 99)، هەربۆیە ئادۆرنۆ بە برەودان بەپاسیڤی (ناچالاک) و ستانداردکردن لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی شوێنەوارە کولتورییە ناهزریی و بەرهەمهێنراوی بەکۆمەڵ، کە بەشێوەیەک پێشخستنی ڕوانگەیەکی ئامرازگەرایی لە هونەردا پەرەپێداوە. وەک ئادۆرنۆ و هۆرکهایمەر[ix] لە ئارگومێنتەکەیاندا ڕونی دەکەنەوە، کە مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە ژێر هەژمونی پیشەسازی کولتوریدا هەمان چارەنوسی هونەریان دەبێت – ئەوان لە بەهای ئاڵوگۆڕدا کورت دەکرێنەوە و هیچ سیفەتێکی کرۆکی و ناوازەیان نییە وەک ئەوەی ڕۆشنگەری خەونی پێیەوە دەبینی (Adorno, 2002).

تێگەیشتنی ئادۆرنۆ لە پەیوەندی نێوان کولتوری جەماوەری و سەرمایەداری بناغەیەکی قوڵی هەیە، کە لە ترادیسیۆنی مارکسیسیەوە سەرەتای گرتوە. بە دیدی ئادۆرنۆ کولتوری جەماوەری لە دەرئەنجامی گەشەسەندنی سەرمایەداریەوە سەریهەڵداوە. هەروەک چۆن سەرمایەداری پەرەی بە بەشمەکردنی شمەک و خزمەتگوزارییەکان داوە و کولتوری کردوە بە شمەکێکی دیار. هەربۆیە کولتوری جەماوەری، بۆ ئادۆرنۆ و بەرهەمی ئەو پیشەسازییە کولتوریانەن، کە چینی سەرمایەدار خاوەنداری دەکەن و بەڕێوەی دەبەن و هەر ئەم پیشەسازیانەش بەرهەمی کولتوری بەرهەم دەهێنن، کە بە فۆرمێکی بەرفراوان بەرهەم دەهێنرێن و ستاندارد دەکرێن، لەگەڵ خولیا و چێژی زۆرترین وەرگردا بگونجێت. کە لە ئەنجامدا کولتورێکی یەکسان دروستبوە، کە ئامرازی بەرهەمهێنانەوە و پاڕاستنی ئایدۆلۆژیای سەرمایەدارییە. بەدیدی ئادۆرنۆ کولتوری جەماوەری بۆ گۆڕینی ئارەزو و پێداویستییەکانی مرۆڤ و دروستکردنی پێویستیی ساختە و بەرەوپێشبردنی یەکسانی و پاسیڤی دارێژراوە. بۆیە ئادۆرنۆ کولتوری جەماوەری وەک فۆرمێک لە هەژمون دەبینێت، کە بۆ بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری جەوهەرییە (Blunden, 2005).

لەلایەکی ترەوە ڕەخنەی ئادۆرنۆ لە ئەقڵی ئامرازی (*Instrumental reason*) لایەنێکی گرنگی فەلسەفەکەی پیکدەهێنێت. بۆ ئادۆرنۆ لە کۆمەڵگە مۆدێرن و هاوچەرخدا ئەقڵ گۆڕاوە و ملکەچی بەرژەوەندی سەرمایەداری بوە. ئەقڵی

ئامرازی، یان تێگەیشتن لە ئەقڵ وەک ئامرازێک بۆ ئامانجێک، زۆربەی لایەنەکانی ژیانی داگیرکردوە و کۆمەڵگەیەکی نامۆیی بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەم فۆرمە هەمو شتێک پوخت دەکاتەوە بۆ کردەیەکی تەنها، ئەگەری سەبژێکتیڤتی و دەربڕینی مرۆڤ لەنێو دەبات. یەکسانکردنی کۆمەڵگە لە ڕێگەی ئەقڵی ئامرازییەوە، کە دەرئەنجامەکەی کولتوری ستاندار چێدەکات، مرۆڤ مولتەزیم دەکرێن بە بەکارهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ئایدۆلۆژیای باڵا (Adorno, 2004). ڕەخنەی ئادۆرنۆ لە ئەقڵی ئامرازی لەمرۆدا پەیوەندی بە تایبەت، بە زۆرێک لەو پرسانەوە هەیە، کە پرسیاری کرۆکین و تیشکیان دەخرێتە سەر، وەک بەشمەککردنی کولتور، نامۆبون (*Alienation*) ی مرۆڤ، سەرکوتکردن، کۆنترۆڵکردنی هۆش، هەنوکە تەکنەلۆژیا، میدیا و زیرەکی دەستکرد، هێشتا لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا ئامادە و مەترسین.

دەکرێت بگوترێ ڕەخنە لە کولتوری جەماوەری وەک یەکسانکردن و ستانداردکردن، لایەنێکی بنەڕەتیی لە دیدی ئێستێتیکی ئادۆرنۆ پێکدەهێنێت، چونکە بۆ ئادۆرنۆ ئامانجی سەرەکی پیشەسازی کولتوری بەکۆمەڵ پێشکەشکردنی شمەک و کات بەسەربردنە، کە بە ئاسانی بەکاردەهێنرێت، بە شێوەیەک دیزاین کراون، کە کەمترین بەشە هاوبەشەکانی کارامەیی بەکاربەران بگونجێت، لە ئەنجامدا یەکسانبون و ستانداردکردنی کولتور دەبێتە هۆی نەمانی هزرینی ڕەخنەیی و نەبونی کارلێکی ڕاستەقینەی مرۆڤ. بۆ ئادۆرنۆ کولتوری جەماوەری لە کۆتاییدا ئاڵۆزی و دەوڵەمەندی ژیانی مرۆڤ دەتوێنێتەوە و پوختی دەکاتەوە بۆ زنجیرەیەک بابەت و بەرهەمی سادەی کات بەسەربردن، چونکە گرنگیدانی پیشەسازی کولتوری بەکۆمەڵ بە بەکارهێنانی ئاسان، هۆی سەرەکییە لە کەمبونەوەی توانای مرۆڤ بۆ بەشداریکردن لە هزرینی ڕەخنەیدا (Adorno, 2005).

بە دیدی ئادۆرنۆ پیشەسازی کولتوری جۆرێکە لە بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵ، کە شمەکی کولتوری ستاندارد، "فیلم و ڕادیۆ و گۆڤارەکان سیستەمێک پێکدەهێنن کە بە گشتی و لە هەمو بەشێکدا یەکسانن، کولتور بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی سەرپێچیکارانە بوەتە پیشەسازییەک، کە پابەندە بە هەمان یاساکانی بەرهەمهێنان وەک هەر بەرهەمهێنەرێکی دیکەی شمەکەکان. بەرهەمی کولتوری پێکهاتەیەکی یەکگرتوی ئابوری سەرمایەدارییە بە گشتی. کولتور چیتر کۆگای تێگەیشتنێکی پەرچاندنی (*Reflection*) ئێستا نییە لە ڕوی داهاتویەکی ڕزگارکراوەوە" (Bernstein, 2005, 9)، کەواتە موزیک، فیلم و بەرنامەی تەلەفزیۆنی، توکنەلۆژیا و میدیا بەگشتی، بۆ بەکارهێنانی بەکۆمەڵ بەرهەم دەهێنرێن، "هەمویان بەشێک لە پیشەسازییەکی یەکگرتو پێکدەهێنن، کە ئامانجیان هەژمونی دەرونی جەماوەرە بۆ خزمەتی سەرکردە سەرمایەدارەکان" (Dainow, 2014, p. 2) بۆ بەردوامیدان و ڕازیبون بە دەسەڵاتی ئێستا، بە شێوەیەک هەمو شتێک لەخزمەتی مانەوەی دابێت و ڕێگری لە هەر ئیدێ و هزرێکی ئەڵتەرناتیڤ دەکرێت، هەر کەس و هێزێک لەگەڵ ئەم سیستەمە هاوکار نەبێت دواجار پەراوێز دەخرێت، هونەریش بوەبە بە شمەکێک نەک دەربڕینی ئافرێنەری سەبژێکت یان دیدی هونەری، چونکە پیشەسازی کولتوری نوێنەرایەتی هەڕەشەیەک دەکات بۆ سەر دەسوێژی هونەری ڕاستەقینە و ئەزمونی ئێستێتیک؛ کە جۆرێکە لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، کە بەها و ئایدۆلۆژیایی باڵای کۆمەڵگەی سەرمایەداری بەردەوام دەکات، بۆیە هونەری ڕاستەقینە دەبێت توانای بەرەنگاری دۆخی ئێستا و وروژاندنی هزرین و هزراندنی تایبەتی هەبێت (Bernstein, 2005).

ئارگومێنتی (پاساو) سەرەکی "پیشەسازی کولتور: ڕۆشنگەری وەک فریودانی جەماوەری" لەوەدا چڕبۆتەوە، کە بەشمەک کردنی کولتور بە پوختی بە شمەک کردنی مرۆڤە Adorno)، 2002(. لای ئادۆرنۆ ڕۆڵی هونەرە بەرەنگاری پیشەسازی کولتوری ببێتەوە، ئەمەش بە تێکدانی کارکردنی نەرم و نیان و وروژاندنی هەڵسەنگاندنێکی بناغەیی بۆ بەها و بنەڕەتی کۆمەڵگە، چونکە لە ڕوانگەی ئادۆرنۆوە ئیشی هونەری ڕەهەندێکی دیاری کۆمەڵایەتی و کولتوری هەیە، واتا تەنها شتانێک

نین، كە مرۆڤ بتوانێت بۆ تێركردنی ئارەزو یان چێژی كەسی بەكاریان بهێنێت، بەڵكو ساتەكانی دیالێكتیكی كۆیەكی كۆمەڵایەتین، كە هەم دژایەتی و هەم پۆتانشیلی (*Potentiality*) ئەو كۆمەڵگەیە دەپەرچێنن كە تێیدا ئافرێنراون. هەربۆیە ئەو بۆچونە ڕەتدەكاتەوە، كە دەتوانرێت هونەر و ئەزمونی ئێستێتیكی لە چوارچێوەی كۆمەڵایەتی و سیاسی جیا بكرێنەوە، بەڵكو ئەو پێیوایە ئەزمونی ئێستێتیكی بە هۆی هۆكارە كۆمەڵایەتی و مێژویی و ئابوریيە دەرەكییەكانەوە لە قاڵب دەدرێت، كە ئەمەش ڕوانگەیەكی دیارە بۆ تێگەیشتن لە كۆمەڵگەی سەرمایەداری هاوچەرخ (Adorno, 2002).

لە لایەكی ترەوە، ئادۆرنۆ و هۆركهایمەر پێیانوابو، كە ئەركێكی بناغەیی پیشەسازی كولتور بریتییە لە نەهێشتن و كوژاندنەوەی  توانای خەبات و شۆڕشی مرۆڤ، ئەمەش بە "دابینكردنی ڕزگاربون لە فشارەكانی ژیان"، لە ژێر هەژمونی سەرمایەداریدا، بەتایبەت سەرقاڵكردنی و خەریك بون بە بابەتی كورت ڕوكەشەوە، هەروەها چێژێكی كەم مەودا و كاتی. هەرچەندە توانای بەدیهێنانی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی هەقیقی نییە، بەڵكو بەختەوەری لە بەرەنگاری و خەریكگەری ئیشی ئاڵۆز و هاندانی هزرییەوە سەرەتا دەگرێت، بە پێچەوانەوە پیشەسازی كولتوری "بە تەنیا داكەوتێكی فۆرمولەیی و پێشبینیكراوی هەڵهاتن لە فۆرمدا دابین دەكات، داكەوتێك، كە لە سنورە كۆمەڵایەتی و هونەرییە هەبوەكاندا دەمێنێتەوە" (Klinger, 2023)، هەروەها پیشەسازی كولتوری پێویستی درۆینە دەهێنێتە ئاراوە، ئەو پێویستییانەی، كە خۆی دروستی كردون و تێر دەكرێن. "پێویستییە هەقیقیەكان، بە پێچەوانەوە، ئازادی و ئافراندن و بەختەوەری ڕاستەقینەن [...] ئادۆرنۆ پێیوابو پیشەسازی كولتور سیستەمێكە، كە كۆمەڵگە لە ڕێگەی دروستكردنی كولتوری جەماوەری ستانداردەوە، لە سەرەوە بۆ خوارەوە كۆنترۆڵی كردوە، هاوكات بە بەشمەككردنی هونەر پرۆسەكەی  چرتر كردوە. ئەم پرۆسە كولتورییانە كە بەو شێوەیە دروستبون، هێزی ئەوەیان هەیە، كە بتوانن بچنە ناو كرۆكی پێكهاتەی دەرونی و كۆمەڵایەتیمان وەك سەبژێكتی كەسی. ئەو چێژە ئاسانانەی، كە لە ڕێگەی بەكارهێنانی كولتوری باوەوە ئامادەن، مرۆڤ دەكاتە جێبەجێكار و ناوەڕۆك، گرنگ نییە ژیانیان چەندە سەخت بێت" (Trappen, 2023).

بە دیدی ئادۆرنۆ هونەر دەتوانێت، هەڵوێستی ڕەخنەیی بەرامبەر كولتوری جەماوەری بگرێتەبەر و بەرەنگاری ئایدۆلۆژیای باڵا ببێتەوە، وەك پێشتر شرۆڤەكرا، چونكە لای ئادۆرنۆ كولتوری جەماوەری هونەر كردوەتە شمەك، كە لە بری ئەوەی گوزارشت لە بارودۆخی مرۆڤ بكات، خزمەت بە خواستە ئابورییەكانی بازاڕ دەكات. بەڵام هونەر دەتوانێت بەرەنگاری ئەم شمەككردنە ببێتەوە، ئەمەش بە ڕەتكردنەوەی خۆگونجاندن لەگەڵ چاوەڕوانییەكانی كولتوری جەماوەری، لەبری ئەوە ڕەخنە لە بەها و بیروباوەڕەكانی بگرێت. هونەر لە ڕێگەی توانای ئافراندنی واتا و دیدی نوێوە دەتوانێت تەحەدای ڕوكەش و یەكسانی كولتوری جەماوەری بكات و بارودۆخ بۆ فۆرمی ئەڵتەرناتیڤ لە دەربڕین و ئەزمون بكاتەوە. كەواتە هونەر بەم كارەی دەتوانێت هاوكار بێت لە پێكهاتنی ئاگایی ڕەخنەیی، و بەرەنگاری دۆخی ئێستا ببێتەوە، شیمانەی  گۆڕانی كۆمەڵایەتی بهێنێتە ئاراوە. واتا هونەر بۆ ئادۆرنۆ تەنیا ئامرازێك نییە بۆ چێژوەرگرتن لە ئێستێتیك، بەڵكو ئامرازێكە بۆ گۆڕانكاری و ڕەخنەی سیاسی و كۆمەڵایەتی Adorno)، 2002(.

ئادۆرنۆ لە تیۆری ڕەخنەییدا لە بارەی كولتوری جەماوەرییەوە، پێیوایە بەرهەمهێنانی پیشەسازی كولتوریی جۆرێكە لە زاڵبون و ئیستغلالكردن. ئەو "ستانداردكردن و یەكخستنی بەرهەمە كولتورییەكان" لە ژێر دەسەڵاتی سەرمایەداریدا، تاك لە خۆیی و دەوروبەری نامۆ دەكات، چونكە "پیشەسازی كولتوری بەكۆمەڵ" بەرهەمە هونەرییە ڕاستەقینەكان بۆ بەرهەمی بەكاربەر دەگۆڕێت، لە ئەنجامدا برەوبە پاسیڤی دەدات، و ڕێگری لە سەبژێكت دەكات، هەتاوەكو هزری ڕەخنەیی بەگەڕبخات، ئەمەش هەر برەودانە بە كولتوری ستانداردكردن. واتا لەم جۆرە كۆمەڵگەیانە هیچ شوێنێك بۆ

سەبژێکت و شۆڕشی هەقیقی بونی نییە، چونکە ئەگەری ئافراندنی هەقیقی نییە، کاتێک ئیشە هونەرییەکان دەکرێن بەشمەک و تەنانەت دیزاینکردنیان بۆ ئەوەیە لەگەڵ ویست و چێژی بازاڕدا گونجاو بێت (Adorno, 2002).
هەربۆیە بۆ ئادۆرنۆ پیشەسازی کولتوری لە بە شمەککردنی هونەر و بەکارهێنانی بە کۆمەڵدا، هەوڵدەدات بە تەواوی ئۆتۆنۆمی هونەر لەناوببات و بیکات بە تەنها چێژ و کات بەسەربردن، بەڵام بە دیدی ئادۆرنۆ هونەر هێشتا توانای هەیە، لە ڕێگە نیگەتیڤیەکەیەوە بەرەنگاری پیشەسازی کولتور ببێتەوە. واتا هونەر دەتوانێت هاوبەشی لەگەڵ کولتوری باڵا ڕەتبکاتەوە و ئەڵتەرناتیڤی بێت، بەجۆرێک، پەیامێکی ڕەخنەیی هەبێت و بەرەنگاری تواندنەوە (*Assimilation*) ببێتەوە. ئەم بەرەنگارییە دەتوانرێت چەندین فۆرمی هەبێت، لەوانە ڕەتکردنەوەی خۆگونجاندن لەگەڵ ستانداردە بناغەییە ئێستێتیکیەکان، ڕەخنەگرتن لە کولتوری بەکاربەر، یان دوبارە ڕوانینی ڕادیکاڵانە لە فۆرمەکانی هونەری نێگەتیڤ. هونەر لە ڕێگای تەحەدای کولتوری باڵا، دەتوانێت ناوەندێک بێت بۆ هزرین و تێگەیشتنی ڕەخنەیی، هێز بە مرۆڤ بدات پرسیاری کرۆکی لەخۆیی و دۆخی ئێستا بکات، بە دوای ڕێگەی ئەڵتەرناتیڤدا بگەڕێت بۆ ئەوەی، نەچەپێندرێت و ئاگاییانە بژیت، کۆیلەیی دەسەڵاتی زاڵ نەبێت (Dainow, 2014).
بە دیدی ئادۆرنۆ هونەر و ئەزمونە ئێستێتیکییەکان توانای بەرەنگاربونەوەی مەیلە وێرانکەرەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەگەری مۆدێرنیان هەیە، کە هەمو شتێک دەکات بە شمەک، دەتوانرێت بکرڕدرێت و بفرۆشرێت. ئیشە هونەرییەکان لەوە بەدەر نین: وەک هەر شمەکێکی دیکە بەرهەم دەهێنرێن و دەخرێنە بازاڕەوە و بەکاردەهێنرێن، ئەم بەشمەکردنەی هونەر ئۆتۆنۆمی و ڕەسەنایەتییەکەی ناهێڵێت Bernstein)، 2005(، بەڵام ئادۆرنۆ جەخت دەکاتەوە هێشتا هیوایەک هەیە، هونەر بەرەنگاری ئەم پرۆسەیە ببێتەوە. بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکات، کە هونەر دەتوانێت ببێتە شوێنێ بەرخۆدان، بە نوێنەرایەتی ورد و ئەڵتەرناتیڤی داکەوت (*Reality*)، کە جیهانبینی سنورداری سەرمایەداریی تێدەپەڕێت. بەم واتایە هونەر دەتوانێت مرۆڤایەتی لە خۆڕازیبونیان "شۆک" بکات و لە ئەگەرەکانی جیهانێکی دادگەرتر و دادگەرانەتر بەئاگایان بهێنێت (Adorno, 2002)، کەواتە تێڕوانینی ئادۆرنۆ بۆ ئێستێتیک جەخت لەسەر گرنگی پاراستنی ئۆتۆنۆمی هونەر و توانای بەرەنگاربونەوەی هێزە نامۆکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ دەکاتەوە.
کەواتە لای ئادۆرنۆ پیشەسازی کولتوری فۆرمێکی شێواوی داکەوت دەپەرچێنێ، بە جۆرێکە، بەرهەمە کولتورییەکانی تا ئەو ڕادەیە ستاندارد کردوە، کە ببنە شتێکی گۆڕاو ناجێگیر، کە تایبەتمەندییان نەمێنێت. بۆ ئادۆرنۆ، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئامانجی سەرەکی پیشەسازی، کە مەبەستی قازانجە بەسەر بەهای کولتوریدا. جگە لەمەش، بەرهەمە کولتورییەکان بەرهەم دەهێنرێن بۆ ئەوەی وەرگر هانبدەن بۆ قبوڵکردن و هیچ پرسیار نەکەن، واتا برەودان بەتاکێکی پاسیڤ و ئاڕاستەکراو و ئامادەکراو. هەربۆیە ستانداردکردنی بەرهەمە کولتورییەکان هاوکاریی ئەم پاسیڤییە دەدات، چونکە هیچ شتێکی نوێ و چالاکیەک پێشکەش بە وەرگر ناکات. بەڵکو بە شێوەیەکی پێش هەرسکراو پێشکەش دەکرێن، کە بە وردی دیزاین کراون و دەخرێنە بازاڕەوە، بە وەرگرێک دەفرۆشرێت کە ئامادەیە پارە بدات بۆ کات بەسەربردن، نەک هزری ڕەخنەیی بەگەڕبخات (Blunden, 2005).
بە دیدی ئادۆرنۆ کولتور تەنیا پەرچاندنی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو میکانیزمێکە، کە هاوکارە بۆ دارشتن و پێکهێنانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان. ئەزمونی ئێستێتیکی ڕاستەقینە پێویستە بەرەنگاری گریمانە و پێشبینییە پێشوەختەکانمان بکات، دەربارەی جیهان و هانی هزرینی ڕەخنەیی و ئۆتۆنۆمی بدات. بۆیە لە دیدی ئادۆرنۆ دا، هونەری سەرمایەداری شکستی هێناوە لە تەحەداکردن، چونکە بەرهەمی پیشەسازی کولتوریی، وەک ڕێگەیەک بۆ ئارامکردنەوەی جمهور و ڕازیبونیان بە

دۆخی ئێستا (Adorno, 2005). لە بەشی دواتردا بەوردی ئەڵتەرناتیڤی بەهێزی ئادۆرنۆ بۆ هونەری کۆمەڵگەی سەرمایەداری ڕاڤە دەکەین، کە هونەری ئۆتۆنۆمە.

## بەشی دووەم: ئۆتۆنۆمی ئیشی هونەریی و دیالێکتیکی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک

### باسی یەکەم: دیالێکتیکی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک

لە بەشی پێشودا هونەر و ڕەخنەی هونەری ئادۆرنۆ لە کۆمەڵگەی مۆدێرن و سەرمایەداری شرۆڤە کرا، لێرەدا سەرەتا پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک ڕاڤە دەکەین، ئاشکرایە دیالێکتیکی نێگەتیڤی ئادۆرنۆ وەک تێگەیەکی کرۆکی تیشکدەخاتە سەر چۆن ئاراستە فەلسەفییە ترادیسیۆنەکان ڕێگری لە مرۆڤ دەکەن بۆگەیشتنی بە داکەوت، لە بناغەدا دیالێکتیکی نێگەتیڤ پشکنین و ڕەخنەی ورد لە تێگە و سیستەمی هزریی ترادیسیۆن و پەسەندکراو لەگەڵ وێرانکردنی ئیدێ بنیاتنراوەکانی دەکات؛ بۆ ئادۆرنۆ مرۆڤ لە ڕێگەی ئازادی و تێڕوانینی ڕاستەقینە و پرسیار و ڕەخنەی بەردەوام دەتوانێت بە کرۆکی ڕاستی بگات. بەم پێیە دیالێکتیکی نێگەتیڤ بەرەنگاری ئەو جەختکردنەوە باوەیە، کە لە سەر ڕونی و هارمۆنی و یەکگرتویی لە فەلسەفەی ترادیسیۆن چێبوە (Adorno, 2004).

ئادۆرنۆ جگە لە جەختکردنەوە لەسەر گرنگی ئەزمونی هونەری سەبژێکتیڤ، هەروەها جەخت لە سەر پەیوەندیی تایبەتی هونەر و شرۆڤە کردنی دەکاتەوە. چونکە لای ئادۆرنۆ، واتای هونەر لە کرۆک، یان گوزارشتیدا نییە، بەڵکو لە سیفەتەکانیدایە، وەک پێکهاتە، ڕیتم،... بەم شێوەیە، لەبری هەوڵدان بۆ ڕاڤەی واتای مەبەستدار لەو دیو ئیشێکی هونەرییەوە، بانگەشە بۆ دیالێکتیکی نێگەتیڤ دەکات، ئەمەش بەواتایەک، کە گەرەکە وەرگر بە شێوەیەکی ڕەخنەیی لەتەک ئیشە هونەرییەکەدا خەریک بێت، دژایەتی و ناکۆکی کرۆکی بناسێت. هەربۆیە لای ئادۆرنۆ پاڵهێزی هونەر بە وردی لە بەرەنگاربونەوەی ئەو جۆرە هەوڵانەیە، کە سادەکردنەوە و توانای بەرەنگاری و تێکدانی پێشبینی و شیمانە پێشوەختیەکان دەکات (Adorno, 2004).

لەلایەکی دیکەوە بۆ ئادۆرنۆ ئەزمونی ئێستێتیک گرژییەکی دیالێکتیکیە لە نێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا، کە فۆرم دەبێتە گوزارشت بۆ ناوەڕۆک. واتا، فۆرم (وێنەی "ڕۆشنایی") ئاماژەیە بۆ ڕێسا و تێگەیشتنی گشتگیر، کە پێویستە لەسەر ئیشە هونەرییەکە جێبەجێ بکرێت" (Inceefe, 2018, p. 60)، ئەمەش بەجۆرێک، کە ناکرێت ئیشی هونەریی لە بەهای سود یان کارایی خۆیدا پوخت بکرێتەوە، بەڵکو پەرچاندنی ئەو دژایەتی و گرژییانەیە، کە لە کۆمەڵگەدا هەن، بە جەختکردنەوە لە سەر لایەنی ڕەخنەیی و گۆڕینی سروشتی هونەر، ئادۆرنۆ بەرەنگاری ئەو ئیدێ ترادیسیۆنانەی کرد، کە پێیانوابو هونەر ئامرازێکە بۆ هەڵهاتن یان لادان لە داکەوتەکانی ژیان، بەڵکو وەک شوێنێکە بۆ بەرخۆدان لە دژی ئایدۆلۆژیا زاڵە ستەمکارەکان لێیدەڕوانی، کە ئامرازێکە بۆ شیمانەی جیهانی ئەڵتەرناتیڤ.

ئادۆرنۆ لە جێیەکی تیۆری ئێستێتیکدا دەڵێت: "بە بێ جێگەی مشتومڕ جەوهەری هەمو توخمەکانی لۆژیکی، یان بە شێوەیەکی فراوانتر، یەکگرتویی لە ئیشە هونەرییەکاندا، فۆرمە"، بێگومان فۆرم تێگەیەکی سەرەکی ئێستێتیکی ئادۆرنۆیە؛ وەک دەڵێت هونەر، هەرچییەکی تر بێت، "هاوشێوەیە لەگەڵ فۆرم" (Adorno, 2002, p. 140)، جگە لەوەش بۆ ئادۆرنۆ ناوەڕۆکی هونەر لە فۆرمەکەی جیا نابێتەوە، بە واتایەکی تر شێوازی داڕشتن و گوزارشتی ئیشێکی هونەری، بە ئەندازەی ئەوەی کە نوێنەرایەتی چی دەکات؟ یان چی دەردەبڕێت؟ گرنگە، چونکە ئادۆرنۆ پێیوابو فۆرمی هونەر پەرچاندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئافراندنی خۆیەتی، هەربۆیە هونەرمەند دەبێ ئاگای لەم پەیوەندییە بێت، بۆ ئەوەی ئیشی پڕ واتا و ڕەخنەیی بئافرێنێ، ئەم دیدە گرنگی مەبەستی هونەرمەند ڕوندەکاتەوە، واتا گەرەکە هونەر ئامانجی هەبێت لە

دەرەوەی، تەنها کات بەسەربردن یان ڕازاندنەوە و فیتشکردن بێت، جێگەی ئاماژەیە هەنوکە تێڕوانینی ئادۆرنۆ لەمەڕ جیانەبونەوەی فۆرم و ناوەڕۆک لە بوارە جیاوازەکاندا گرنگ و کاریگەرە، هەر لە ڕەخنەی ئەدەبیەوە تاوەکو کۆمەڵناسی (Adorno, 2002).

ئێستێتیکی ئادۆرنۆ جەخت لەسەر گرنگی و بایەخی پرۆسەیەکی دیالێکتیکی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک دەکاتەوە، کە تێیدا هونەر هەم گوزارشتە لە داکەوتی کۆمەڵایەتی و هەم ئامرازێکە بۆ گۆڕینی ئەو داکەوتە. بۆیە بۆ ئادۆرنۆ ئێستێتیک داوای جەختی ڕۆڵی هونەر لە خەباتی بەردەوام بۆ دادگەری کۆمەڵایەتی و ڕزگاریخوازی دەکات، ڕۆڵی ئێستێتیک لە هونەردا بۆ ئاسانکارییە بە مەبەستی تێگەیشتنێکی ڕەخنەیی لە جیهان، هەروەها هونەر هێزی ئەوەی هەیە دۆخی ئێستا تێکبدات و ئەڵتەرناتیڤی نوێ و ڕزگاربون بهێنێتە ئاراوە (Adorno، 2002).

ئادۆرنۆ دەڵێت: "سەرکەوتنی ئێستێتیک لە بنەڕەتدا بەو پێوانەیە دەپێورێت، کە ئایا شتە دروستکراوەکە توانای بەئاگاهێنانەوەی ناوەڕۆکی (*Inhalt*)ی نیشتوی فۆرمەکەی هەیە یان نا. کەواتە بەگشتی هێرمۆنۆتیکی ئیشە هونەرییەکان بریتییە لە وەرگێڕانی توخمە فەرمیەکانیان بۆ ناوەڕۆک (*Inhalt*)" (Adorno, 2002, p. 139)، واتا پەیوەندی هەمیشەیی لە نێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا هەیە.

تێڕوانینی ئادۆرنۆ بۆ ئێستێتیک زیاتر لە ئێستێتیکی ڕەخنەیی چڕدەبێتەوە، کە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی هونەر لە کۆمەڵگەدا وەک فۆرمێک لە بەرخۆدان، لە بەرامبەر دەسەڵاتە ستەمکارەکانی سەرمایەداریدا. ئەم تێگەیە لەلایەن ئادۆرنۆ و ماکس هۆرکهایمەرەوە تیۆریزە کراوە، جەخت لە سەر گرنگی و ڕۆڵی هونەر دەکاتەوە، لە ئافراندنەوە تاوەکو وەرگرتنی، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی ورد لە بەها و واتای هونەر هەبێت. ئادۆرنۆ پێیوابو هونەر توانای ئەوەی هەیە ئەو ئاگاییە ساختەیە بشکێنێت، کە کۆمەڵگەی سەرمایەداری بەسەر تاکەکاندا دەیسەپێنێت، پێیوابو دەسەڵاتی هونەر بۆ ئاشکراکردنی هەقیقەت وایکردوە، کە شتێکی بناغەیی بۆ هێنانەئارایی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و تەحەداکردنی سیستەمی ستەمکارانە. واتا ڕۆڵی هونەر وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ بەرخۆدان و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی (Adorno, 2002). هەرچەند ئادۆرنۆ ئاماژەی بەوەداوە، کە پیشەسازی کولتوری سەرمایەداری گۆڕان بەسەر هونەردا دەهێنیت و بەرێوەی دەبات بە گۆڕینی وەک شمەکێک بۆ بەکارهێنانی بەکۆمەڵ، بەمەش توانای هاوبەشیکردنی ڕەخنەیی لەتەک پرسە کۆمەڵایەتییەکان سنوردار دەکات. بە جۆرێک پەیوەندی نێوان ئێستێتیک و سیاسەت پڕ دەبێت لە هاتنە ناوەوەی بەهاکانی سەرمایەداری بۆنێو هونەر لەگەڵ ڕێگری لە ئیشکردنی وەک ئامرازی دژایەتی و بەرەنگاربونەوە، لە بەرامبەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییە باڵاکان دەکات (Adorno, 2002) .

بەڵام لەم نێوەندەدا تیۆری ڕەخنەیی ڕۆڵێکی چارەنوسساز دەگێڕێت لە لێکۆڵینەوەی ئێستێتیکدا، چونکە بوارێکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی هونەر دابین دەکات. ئاشکرایە دیدی ئادۆرنۆ بۆ ئێستێتیک لە بناغەدا لەسەر بنەمای تیۆری ڕەخنەیی دامەزراوە، کە پێشنیاز دەکات، هونەر نەک تەنها وەک ڕێکخستنێکی فۆرماڵی ماتەر، بەڵکو وەک دەربڕینێک بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دژایەتییە سروشتییەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لێبڕوانرێت. چونکە بۆ ئادۆرنۆ لە ڕێگەی تیۆری ڕەخنەییەوە هونەر دەتوانێت داینامیکی بنەڕەتی دەسەڵات و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرا بکات، کە جیهانی کۆنترۆڵکردوە و لە قاڵبی داوە، ئەمەش بە جۆرێکە کە هاوکارە بۆ ئاشکراکردنی سنوردارکردن و نادادگەریی نۆرمەکانی کولتوری باڵای سەرمایەداری. بەم شێوەیە تیۆری ڕەخنەیی وادەکات بە شێوەیەکی ڕەخنەیی بیر لە هونەر و پەیوەندییەکەی لەتەک کۆمەڵگەدا بکەینەوە، کەواتە تیۆری ڕەخنەیی بوارێکی گرنگ و پێویستە

بۆ بەرەنگاری کولتوری باڵا و ئیشکردن بۆ کۆمەڵگەیەکی گشتگیرتر و دادگەرتر (J. M. Bernstein, Claudia Brodsky,, 2010).

تیۆری ڕەخنەیی ئادۆرنۆ لەبارەی هونەرەوە بە گرژییەکی قوڵی نێوان ئێستێتیک و سیاسەت دەناسرێتەوە. چونکە لای ئادۆرنۆ هونەر بونێک نییە کە سەربەخۆ بێت لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی بەڵکو بەرهەمی هێز و پێکهاتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، کە تێیدا ئافرێندراوە. بۆ ئادۆرنۆ هونەری مۆدێرن لە پەیوەندییەکی دیالکتیکیدا لەتەک کۆمەڵگەی مۆدێرن جێگیر بوە و تیشک دەخاتە سەر پێویستییەکی بێهیوا بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی. هەرچەند پێیوابو هونەری مۆدێرن کردەوەیەکی یاخیبونە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری، پەرچاندنی ئەو نامۆبون و پارچەبونە نەهلیستییەیە، کە سیمایی دیاری ئەم کۆمەڵگەیەن (Adorno, 2002).

لەلایەکی دیکەوە لای ئادۆرنۆ هونەر وەک ڕێگەیەک ئیش دەکات بۆ ئەوەی مرۆڤ تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی خەیاڵیش بێت شیمانەی کۆمەڵگەیەکی جیاواز و ئازادتر پێشبینی بکەن. بەم شێوەیە دەکرێت بگوترێت ئەزمونە ئێستێتیکیەکان ڕێگەیەکی گرنگن بۆ گەیشتن بە شێوازە نوێیەکانی هزرین و هەستکردن، کە دەتوانرێت لە ژیانی ڕۆژانەدا پراکتیزە بکرێت. بەواتایەکی تر مرۆڤ لە ڕێگەی ئەزمونکردنی هونەرەوە دەتوانێت بەبەکارهێنانی خەیاڵکردن شیمانەی نوێ بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی پەیوەندی خۆیی لەتەک جیهانی دەوروبەردا ڕیالیزە بکات. هونەر لای ئادۆرنۆ ئامرازێکی گرنگە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، چونکە شوێنێکە بۆ شێوازە ئەڵتەرناتیڤەکانی هزرین و هەستکردن دەهێنێتە ئاراوە، کە دەشێت لەنێو پراکتیکە کۆمەڵایەتی و کولتورییە باڵاکاندا ئاستەم نەبێت. ئادۆرنۆ لەم دیدەوە هونەر وەک کایەیی دابڕاو و ئۆتۆنۆمی ئەزمون نابینێت، بەڵکو وەک هێزێکی سروشتی و گۆڕانکاری لەنێو کۆمەڵگەدا دەبینێت (Adorno, 2002).

بۆ ئادۆرنۆ ئیشە هونەرییەکان شتی بەکاربردن نین، کە ئەرکی ئێستێتیکی خۆیان بە شێوەیەکی نامێژویی و بێ کۆنتێکست بەجێبهێنن. بەڵکو بونی ئێستێتیکیان دژبەری ساتەوەختی مێژوی خۆیان و ئەو کۆمەڵگەیەن کە تیدا ئافرێنراون، لەتەک ئەو پەیوەندییانەی کە لەنێوانیاندایە دیاری دەکەن، چی پەرچاندن و چی بەرهەمهێنانەوەی، لێرەوە ئادۆرنۆ ئاماژە بە شرۆڤەی ئیشە هونەرییەکان دەدات، نەک وەک بونێکی بێلایەن و خاڵی لە واتای کۆمەڵایەتی مێژویی، بەڵکو وەک بەرهەمێک لە بارودۆخی مێژویی دیاریکراودا، بە سیمای ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەوە. بەم جۆرە، نابێت ئیشی هونەری تەنیا لە ڕوی ئێستێتیکیەوە نزیک ببنەوە، بەڵکو بە فۆرمێکی ڕەخنەیی، وەک فۆرمێک لە ئاشکراکردن و گۆڕینی ئەو پێکهاتە ئۆبژێکتیڤانەی، کە بنەمایان چوارچێوەی کۆمەڵایەتییانن Adorno)، 2002(. هەر بۆیە دیدی ئادۆرنۆ بۆ واتا و ئەرکی ئیشی هونەریی، وەک دیدێکی سیاسییە، کە ڕەخنەی لە پیشەسازی کولتوری هەژمون گرتوە، داوای پەیوەندییەکی ڕەخنەیی و پەرچاندن لە نێوان ئیشی هونەریی و وەرگردا کردوە.

ئادۆرنۆ پێیوابو، کە ئیشە هونەرییە ڕاستەقینەکان ناتوانرێت لەگەڵ داوای کۆمەڵگەی جەماوەریدا ئاشت بکرێنەوە، چونکە هەوڵی ئەوە دەدەن توانای ڕەخنەیی لە هونەر بسەننەوە. بەڵکو جەختی لەوە کردەوە، کە دەبێت هونەر ئۆتۆنۆمی خۆی بپارێزێت و بەردەوام بێت لە بەرەنگاربونەوەی پاڵنەری بە شمەکبون، کە ئەمەش لە شمەکێکی سادەدا پوخت دەکرێتەوە. بۆ ئادۆرنۆ هونەر جەوهەرییە، چونکە ڕێگە بە سەبژێکت دەدات ڕوبەڕوی سنوری ناوەوەی خۆی ببێتەوە، هزر لە ئەزمونەکانی خۆی بکاتەوە، ئەو سنوردار کردنانە تێپەڕێنێت، کە کۆمەڵگە دەیسەپێنێت. کەواتە هونەر جۆرێک نییە لە کات بەسەربردن، بەڵکو ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی قوڵتر لە جیهان، و شوێن و ڕۆڵی مرۆڤ لەنێویدا (Adorno, 2002). هەروەک ئادۆرنۆ، جەختی کردوە "ئیشی هونەری لە بەرامبەر داکەوتدا هەڵوێستێکی دیاریکراو

دەگرێتەبەر بە هەنگاونان بۆ دەرەوەی جادوبی داکەوت، نەک بە شێوەیەکی ئەبستراکت بۆ جارێک و بۆ هەمیشە، بەڵکو ناوبەناو و بە شێوازی کۆنکرێتی کاتێک بە شێوەیەکی نائاگا و بێدەنگ گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی کۆمەڵگە دەکات لە پنتێکی دیاریکراوی کاتدا" (Adorno, 2002, p. 5)

هەرچەند هەندێک لە ڕەخنەگرانی تێزی ئۆتۆنۆمی هونەر بونی ئەرکی ڕەخنەیی بۆ هونەر ڕەتدەکەنەوە، بەڵام ڕەخنەیی "بنیامینی[x] لە ئۆتۆنۆمی دەیەوێت ئەرکی ڕەخنەیی هونەر بە باشی بەکاربهێنێت، بە زۆر بیخاتە خزمەتی سیاسی و مۆراڵی"، مرۆڤ بۆ ئەوەی مرۆڤ بێت گەرەکە خاوەن مۆراڵ بێت، بۆ ئەوەی ئیشێکی هونەری ڕیالیزەی مۆراڵ بکات، گەرکە ئیش بێت. بەواتایەکی تر خەمی ئێستێتیکی پێشمەرج بێت بەسەر "نیگەرانییە مۆراڵیەکان بە تایبەت بۆ ئیشیکی هونەری، کە بەشێوەیەکی ڕەخنەیی ئیش بکات. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە بۆ ئەوەی ئیشەکە بیر لە چێوەی کۆمەڵایەتی و مێژویی خۆی بکاتەوە"، وەک ئادۆرنۆ ئاماژەی پێداوە "هەنگاو بنێتە دەرەوەی جادویی داکەوت". واتا ئیشە هونەرییەکە بە هەنگاوێکی جەخت دەچێتە نێو قۆناغێکی نوێ جیاواز لە داکەوت، بەم جۆرە هونەر دەسوێژێکی کارا و ناوازەی ڕەخنەییە (Yefimenko, 2017, p. 44).

لە لایەکی ترەوە ئێستێتیکی ئادۆرنۆ ڕزگاری هەمەکی ڕەتدەکاتەوە. چونکە ئەو پێویستی ڕزگاری ئێستێتیکی وەک ئەنجامی گرژیی چارەسەرنەکراو دەزانێت، کە لە ڕوی مێژوییەوە کەڵەکە بون، لانیکەم لە ڕوی تیۆریەوە دەتوانرێت تێپەڕێنرێن. لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا، هونەر چیتر ناچارنابێت وەک قەڵایەکی بێ کارایی لە بەرامبەر کارایی کۆکردنەوەی سەرمایەداریی درەنگدا بوەستێت. بەڵام هزری ئادۆرنۆ بە تەواوی لە مەیلە ئامرازییەکانی ڕەخنەی مارکسیستی و فێمینیست جیا دەبێتەوە، چونکە ئەو دەڵێت تەنها بە هۆی ئۆتۆنۆمییەکەی، ڕەتکردنەوەی کارایی، ناوەوەیی سەرسەختانەیەوە، هونەر دەتوانێت نائازادی کۆمەڵایەتی تێپەڕێنێت (Inceefe، 2018).

کەواتە بۆ ئادۆرنۆ هەر تاکە ئیشێکی هونەری نوێنەرایەتی داکەوتی کولتور و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەی دەکات، واتا دەتوانرێت وەک دیدی بەهێز بۆ تێگەیشتن لێیبروانرێن. بۆ ئادۆرنۆ هونەر تەنیا گوزارشتی ڕاستەوخۆی داکەوتی کۆمەڵایەتی ناکات، بەڵکو دەتوانێت ئەو دژایەتی و گرژیانەی لەنێو داکەوتی کۆمەڵایەتیدا ئاشکرای بکات، کە بە زۆری لە لایەن ئایدۆلۆژیایی باڵاوە تەمومژاوی دەکرێن، زۆرجار وەک جادو مرۆڤ فریو دەدەن، لە ڕێگەی بەشداریکردنی ڕەخنەییەوە و پەرچاندن لەگەڵ هونەر و ئەزمونی ئێستێتیک مرۆڤ، دەتوانێت ئەفسانە، جادو و ئایدۆلۆژیایە کولتورییە زاڵەکان ڕزگاری بێت، زیاتر ئاگاداری شیمانە و ئەڵتەرناتیڤەکان ببێت (Adorno, 2002). لای ئادۆرنۆ "تەنیا لە ڕێگەی ڕەخنەوە دەتوانرێت ئیشێکی هونەری، کە خۆی بەشێکە لە کۆمەڵگەیەکی نامۆ لە بنەڕەتدا کۆمەڵگە تێپەڕێنێت. هونەر تەنیا لەو کاتەدا دەتوانێت گرنگی بباتەوە، کە بتوانێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەخنە لەو بارودۆخانە بگرێت، کە ناتوانێت لێیان ڕزگاری بێت. هاوبەشی نائیرادی نێوان هونەر و کۆمەڵگە هاندەری هونەرە بەرەو ناڕەزایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بەوەیە کە هەر ناڕەزایەتییەک ڕاستەوخۆ بخنکێت و بێ ئەنجام بێت، زیاتر ئاماژەیەکی فەرمی بێت نەک گفتوگۆیەکی تورە" (Hantelmann, 2023, 1).

لێرەوە دەکرێت لەنێو فەلسەفەی ئادۆرنۆدا سود لە داڕشتنی سیاسەتێکی مۆراڵی وەربگیرێت، "بنەمای ڕێکخراوەیی ناتوندوتیژی ئیشە هونەرییە مۆدێرنەکان. لە کۆکردنەوەی لۆژیکی ئیشی هونەری مۆدێرن، تاکی ئۆتۆنۆم دەسەڵاتی ئەوەی پێدەدرێت، کە سیاسەتێک بهێنێتە ئاراوە، کە دژایەتی لە ئاسانکاری پەیوەندییەکی ناتوندوتیژانە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بپارێزێت"، چونکە "ئیشە هونەرییەکان بەڕاستی ئۆبژێکتن، بەڵام کرۆکی ڕاستی هونەر لە جیهانە و لە هەمان کاتدا

پەرچاندنی ڕەخنەیی [...] نوێنەرایەتی دەکەن. ئەم کرۆکی ڕاستییە لە تایبەتمەندییە سێنسیەکانی ئەو بەرهەمانەی، کە قسەیان لەسەر دەکرێت جیا ناکرێتەوە [...] کرۆکێکی ڕاستییە، کە بە هەمان شێوە لەو ڕاستییە جیا ناکرێتەوە، کە ئیشە هونەرییەکان ئافراندویانە" هەر وەک ئەنثنی جی کاسکاردی جەختی لێکردوە: "ئادۆرنۆ یەکێک لە پارادۆکسە گەورەکانی تیۆری ئێستێتیکی لەو ڕاستییەدا جێگیرکرد، کە هونەر نوێنەرایەتی شتێک دەکات کە لە یەک کاتدا ئافرێنراو و ڕاستە" (Cascardi, 2010, 12)

کەواتە لای ئادۆرنۆ "ئیشە هونەرییەکان خۆیان لە جیهانی ئەزمونی دادەبڕن و جیهانێکی تر دەهێننە ئاراوە، جیهانێک، کە دژبەری جیهانی ئەزمونی دەکات وەک ئەوەی ئەم جیهانە بونێکی سەربەخۆی هەبێت. بەم پێیە، هەرچەندە ئیشە هونەرییەکان کارەساتبار دەرکەون، بەڵام بە شێوەیەکی پێشوەختە مەیلیان بۆ دوپاتکردنەوە هەیە" (Adorno, 2002, 1)

ئادۆرنۆ دەڵێت "هونەر بابەتی ئاماژەدان نییە، بە ئەلتەرناتیڤەکان بەڵکو بەرەنگارییە، تەنیا لە ڕێگەی فۆرمی هونەرییەوە، ڕەوتی جیهان، کە بەردەوامە لە گرتنی دەمانچەیەک بە سەری مرۆڤەوە" (Adorno, 1974, 80)، واتا هونەر لە ڕێگەی فۆرمەکەیەوە توێنەرایەتی هێزی بەرەنگاریی دەکات، بە نۆرمێک، کە ئادۆرنۆ جەخت لەسەر پێویستی ئۆتۆنۆمی هونەر دەکاتەوە بۆ بەرپەرچاندنی جیهان. بەڵام لە ئەمرۆی کولتوری کۆمەڵگەی سەرمایەداری هێزی زۆرینە، هونەر بە "فۆرمی وێنە و ڕیکلام و ئۆبژێکت بە کولتور بۆردومان دەکرێت، ئازادی هەڵبژاردنی کولتور، بۆ ئەوەیە لە ڕاستیدا ئەزمونی کولتور، دەبێتە جێگەی گومان" (Petsche, 2013, 154).

لە ترادیسۆنی ئێستێتیکی ئەڵمانیدا هاودیدیەکی گشتی هەیە، کە ئەزمونی هونەری توانای گۆڕانی لە مرۆڤدا هەیە، بەتایبەتی لایەنی مۆراڵی و ئێتیکی (Hammermeister, 2002)، واتا ئەوە هونەرە پۆتێنشاڵی بەرەنگاری هەیە یان تەنانەت ئیش لەسەر تێکدانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی، تەنانەت هەڵوەشاندیان بکات. واتا دەکرێت بگوترێت "هونەر توانای ئەوەی هەیە وەک ئامرازێکی ڕزگاربون لە خزمەت هێرشێکی مارکسیستی بۆ سەر سەرمایەداری خزمەت بکات" (Dainow, 2014, 1).

ئادۆرنۆ دەڵێت: " ئۆتۆنۆمی ئێستێتیک لە ڕێگەی بێبەرژەوەندییەوە بەرەوپێش دەچێت؛ ڕزگارکردنی هونەر لە چێشتخانە یان پۆرنۆگرافی(*pornography* )، شتێکی هەڵوەشاوەیە. بەڵام هونەر لە بێ بەرژەوەندیدا نایەوێت پشو بدات. چونکە بێبەرژەوەندیی بە شێوەیەکی ناخەکییانە (ئیمانێنتیی) بەرژەوەندی بەرهەم دەهێنێتەوە – و دەیگۆڕێت" (Adorno, 2002. 12-13). واتا بێ مەبەستیی مەبەستدار، کە ئیشەکە دەکاتە ئۆتۆنۆم، ئەمەش ئەو پاڵهێزەیە کە ئیشی ئۆتۆنۆم توانای گۆڕینی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەمەش "بە ئاشکراکردنی نائەقڵانییەت، نادادگەری یان دژایەتی"، لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، کە "هەمو شتێک بەڕێوەدەبرێت"، ئیشە سەربەخۆکان بەرەنگاری نایەکسانی کۆمەڵایەتین، کە لەنێو گۆمەڵگەدا دەگوزەرێت (Yefimenko, 2017. 58).

بەبۆچونی لامیێرت زادەرڤارت: "سەرمایەداری پێشکەوتو، وەک سیستەمێکی کارایی ئاڵوگۆڕ و زاڵبون، وای لێدەکات، کە گرنگییەکی کۆمەڵایەتی نائاسایی بۆ هونەری ئۆتۆنۆم بگەڕێنێتەوە[...] لەو شوێنانەی، کە فیتیشیزمی شمەکی کولتوری و باڵا لە بەرامبەردا زاڵن، ئۆتۆنۆمی ڕێگە بە هونەر دەدات بەرخۆدانی چارەنوسساز بهێنێتە ئاراوە" (Zuidervaart, 1993, 87).

لێرەدا پرسیاری ئۆتۆنۆمی دێتە ئاراوە لە لایەنی کولتور و دیدمان لە کولتوری شمەکدا. هەروەها، ئەو دۆخە کولتوریی و کۆمەڵایەتییە، چۆن ئامادەیە، کە هونەر دەتوانێت بەرەنگاری ببێتەوە؟ وەڵامی پرسیارەکە بۆ ئادۆرنۆ بەڵێ "تەنها لە ڕێگەی فۆرمی هونەرییەوە"؟ ، کە "بەرخۆدانی هونەر لەسەر بنەمای ئیشە هونەرییەکان" ە، (بۆ نمونە کافکا، پرۆست و هتد). لە مۆدێرنیزمدا بەتایبەت ئاڤانگارد[xi] بۆ ئادۆرنۆ، سەرباری ڕەخنە لەبارەیەوە، ئەو هونەرەیە کە هێزی بەرەنگاربونەوەی لەخۆگرتوە، ئەمەش لە ئۆتۆنۆمی ئیشی هونەریدا ڕیالیزە دەبێت (Petsche, 2013). کە لەباسی دواتردا بە وردی شرۆڤەی ئیشی هونەری ئۆتۆنۆم دەکەین.

### باسی دووەم: دیدی ئادۆرنۆ بۆ هونەری ئۆتۆنۆم

لەم باسەدا ڕاڤەی ئەڵتەرناتیڤی بەهێز دەکەین کە هونەری ئۆتۆنۆمە، بە تیشک خستنەسەر هونەر و کاراییەکەی، ئادۆرنۆ لە نوسینەکانی لەمەڕ هونەر زیاتر لەدو ئاڕاستەی هزریدا چڕبۆتەوە، سەرەتا نوێکردنەوەی پرسیارێکی هیگڵیانەیە، کە ئایا هونەر دەتوانێت کۆتایی سەرمایەداری زیندوبکاتەوە؟ پرسیارەکەی دیکەش نوێکردنەوەی پرسیارێکی مارکسیزمە، کە ئایا هونەر دەتوانیت بەشداری لە گۆڕینی ئەم جیهانەدا بکات؟ لە زێت بونی ئەم دو پرسارەدا، ئادۆرنۆ خۆبەستو بە ئیدێی هونەری کامڵی کانت بە دەربڕینی کانت "هونەری جوان" یان "جوانە هونەر"، بەتەهقیقکردنی ئۆتۆنۆمی فۆرماڵ، لەئەنجامدا ئەرگۆمێنتێکی نوێ دەربارەی ئیشی هونەری ئۆتۆنۆم (*Autonomy*) دەهێنێتە ئاراوە (Adorno, 2002) .

بۆ ئادۆرنۆ ئیشی هونەری ئۆتۆنۆم وەک کلیلی کاراکتەری کۆمەڵایەتیانەی هونەری مۆدێرن ئاڕاستە دەبێت، لەبەرئەوەی ئادۆرنۆ لە "تیۆری ئێستێتیک" دا جەختکردنەوەی کانت لەسەر فۆرم و جەختکردنەوەی هیگڵ لەسەر بەدیهێنانی ئیدێ لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژو دا، هەروەها جەختکردنی مارکسیزم لەسەر بناغەی کۆمەڵایەتی هونەر لە کۆمەڵگەدا تێکەڵ دەکات و ئارگۆمێنتێکی نوێ دەهێنێتە ئاراوە، کە ئۆتۆنۆمی ئیشی هونەرییە Adorno)، 2002(.

تێزی ئادۆرنۆ لە تیۆری ئێستێتیکدا هەوڵدانە تاوەکو هونەر لە ناوەرۆکی ئایینی ئازاد بکات. چونکە تەنیا بەڕێی ئازادبونەوە بە ئۆتۆنۆمی دەگات، جگە لەوەش ئادۆرنۆ پێیوایە ئەو مەبەستمەندانەی کە وەک ڕێنما بۆ هونەر دانراون بەدرێژایی مێژو دەبێت لاببرێن، تەنیا ئەو کاتە هونەر بە ئۆتۆنۆمی تەواو دەگات. هەربۆیە لای ئادۆرنۆ "ئیشی هونەری لە جیهانی ئەمپیریەوە" دێتە بون و جیهانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە وەک بونەوەرێک وایە لە جیهانی ئەمپیریدا. دەکرێت بگوترێت ئێستێتیکی ئادۆرنۆ وەک ئێستێتیکی نوێ مارکسیزم ئەژمار دەکرێت، کە بەشێوەیەکی سەرەکی وەک میراتگری ئێستێتیکی ئایدیالیزمی ئەڵمانی دادەنرێت، هەرچەندە بناغەی هزریی هۆشەکی مێژوی ئایدیالیزمە، لەلای کانت و هیگڵ چڕبۆتەوە، بەڵام سەرلەبەری پێچەوانە دەکاتەوە. لێرەوە هونەر وەک "فینۆمینی سەرخان دەخریتە خزمەتی ژێرخانەوە"، واتا لەم ئێستێتیکەدا ئامانج گەیاندنی ئایدۆلۆژیانییە، بەڵکو داوایی ئۆتۆنۆمی و توانستی ڕەخنە دەکات، کە وەک نامۆبون لە کۆمەڵگەدا دەردەکەوێت )گێتمان-زیفەرت, 2009 ,١٠٣(.

لە گۆمەڵگەی سەرمایەگەداریدا هونەر پەیوەست کراوە بە خزمەتی ژیانی ئابوریەوەو ئابورییانە لێدەڕوانرێت، هەربۆیە ئەم جۆرە هونەرە ئەرکی گەیاندنی ئەکەوێتە ئەستۆ، کە گەیاندنی ئایدۆلۆژییە یان خۆی بوە بە ئایدۆلۆژیا. واتا هونەر ڕۆڵی یەکبونی ئەرێنی لەگەڵ ڕاستییە دارێژراوەکە پراکتیزە دەکات. بۆیە ئادۆرنۆ ڕەخنە لەم جۆرە هونەرە دەگیرێت، کە هونەری سەردەمی مۆدێرن و سەرمایەداری بون بە ئایدۆلۆژی یان بون بە شمەک، واتا هونەر ئامانجە ڕەسەنەکەی خۆی پرکتیزە ناکات، لێرەوە ئادۆرنۆ و مارکوزە هەوڵیانداوە ئیش لە سەر بناغەی هزری مارکسیستی بکەن و گۆڕان بە بناغەی هزری ڕەخنەیی ئایدۆلۆژی هونەر بدەن، ئەمەش بە وەرگرتنی ئێستێتیکی ئایدیالیستی لە نێو ئێستێتیکی مارکسسیزمدا، هەربۆیە

ڕەخنە دەبێتە چەقی ڕوانینی ئەم ئێستێتیکە، کە مەبەستی لە گەیاندنی ئایدۆلۆژیا نییە، بەڵکو هونەر ڕۆڵەکەی دەگۆڕێت بۆ توانستی ڕەخنەیی نێو پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە، کە دواجار وەک نامۆبون دەردەکەوێت )گێتمان-زیفەرت, 2009(.
ئێستێتیکی ئادۆرنۆ ئۆتۆنۆمی هونەر تیایدا بناغەییە، وەک لە مشتومڕی لەتەک والتەر بنیامیندا دەبینرێت، دیدی ئادۆرنۆ لەم بابەتەدا ئاڵۆزە و جێگەی شرۆڤەی وردە، تیۆرییەکە، پێشمەرجە کۆمەڵایەتییەکانی ئۆتۆنۆمی هونەر و ئارگومێنت بۆ گرنگی کۆمەڵایەتی هونەری ئۆتۆنۆم لەگەڵ شرۆڤە دەربارەی چۆنیەتی بەشداریی ئۆتۆنۆمی، لە گرنگی کۆمەڵایەتی هونەردا لەخۆدەگرێت (Zuidervaart, 1993). بە تیشکخستنە سەر سەرمایەداریی هاوچەرخ واتایەکی کۆمەڵایەتیی نائاسایی دەگەڕێنێتەوە بۆ هونەری ئۆتۆنۆم، گرنگییەک، کە پەیوەستە بە شوێن و کارامەیی ئیشە هونەرییە ئۆتۆنۆمەکان، لە ژێر بارودۆخی پێشکەوتوی سەرمایەگەریدا، کە "وەک سیستەمێکی کارایی ئاڵوگۆڕ و زاڵ"، بۆیە ئۆتۆنۆمی ڕێگە بە هونەر دەدات، کە دژایەتییەکی کرۆکی لە ژینگەیەکدا بکات، کە فیتیشیزمی شمەکی کولتوری و زاڵ ئاڵوگۆڕکردن تێیدا باو بوە. لایەنێکی کۆی گشتی کە لە ناوەوە کۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە هونەری ئۆتۆنۆمە. بەدەربڕینی ئادۆرنۆ هونەری ئۆتۆنۆم "دژە کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە" (Adorno, 2002, 8).
یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی بۆ ئۆتۆنۆمی ئیشی هونەری گەرەکە لایەنی کۆمەڵایەتییە، کە پەیوەستە بە سەربەخۆیی هەرتاکە ئیشێکەوە، کە لە چەند ئاڕاستەیەی یەکتربڕدا چێدەبن و دیالێکتیکین، واتا هەر ئاڕاستەیەک لە گۆڕاندایەو پێچەوانەی خۆی لەخۆ دەگرێت، ئەم ئاڕاستانە پێگە و جوڵە و توانای کۆمەڵایەتی ئیشە هونەرییە ئۆتۆنۆمەکان لە دۆخی سەرمایەگەریدا ڕاڤە دەکەن. "پێگەی ئەوان پێگەی فتیشکردنی فیتیشەکانە". کارکردنیان کارکردنی مۆنادە کۆمەڵایەتییەکانە و گرنگییان لە کارکردنی ناکارامەیی ناوەڕۆکی ڕاستییەکانیاندایە. بۆ ئادۆرنۆ هونەر کاتێک ئۆتۆنۆمە ئەگەر هیچ داوایەکی تایبەتی نەبەبێت، هیچ مەیەستێکی تری نەبێت جگە لە بێمەبەستییەکەی لایەنی ئۆتۆنۆمی و کارەکتەری کۆمەڵایەتی پێگەی ئیشە هونەرییەکان لەنێو کۆمەڵگە پێشکەوتوەکانی سەرمایەداریدا دیاری دەکات"، ئادۆرنۆ باس لەوە دەکات کە "ئیشێکی هونەری هەم سەربەخۆیە و هەم وابەستەی کۆمەڵگەیە". هەم یەکگرتوە و هەم ناتەبایە. هەم شوناس (*Identity*)ی تایبەتی خۆی هەیە و هەم نییەتی. هەروەها ئەوەی سەربەخۆیی و یەکێتی و "تاکگەرایی دروست دەکات، وابەستەیی کۆمەڵایەتی و ناتەبایی و گشتگیربونی" بەرهەمێکە و ئەوەی دوەمیان لە یەکەمیاندا جێگیرە، واتا دژەکان لەنیو ئیشەکەدا چێدەبن، بەم پێیە "گرژی نێوان ئۆتۆنۆمی و کۆمەڵایەتیبونی بە جۆرێکە کە ئۆتۆنۆمی" ئیشەکە کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵایەتیبونیشی خۆی لە خۆیدا ئۆتۆنۆمییە. بەبۆچونی لامبێرت زادەرڤارت "ئەم جەمسەرگیرییە لەو بانگەشەیەدا کۆدەبێتەوە کە ئیشە سەربەخۆکان لە ئێستادا فیتیشن [...] بەم پێیە ئۆتۆنۆمی پێشمەرجە بۆ ئەوەی کە لە کۆتاییدا گرنگی کۆمەڵایەتی بەرهەمی هونەری دیاری بکرێت" (Zuidervaart, 1993, 88-91).
هەرچەندە ئادۆرنۆ لە ڕێگەی هزری ڕەخنەییەوە ڕەخنەی لەمێژوی فەلسەفە بە تایبەت فەلسەفەیەی ستاندار و سیستەماتیک (ئیدێنتیتیێ)[xii] ڕەتکردۆتەوە، بەڵکو سەرنجی لەسەر شرۆڤە و مێژویی هەقیقەت و پەیوەندی بە هونەر و مێژوکەیەوە بوە، بەتایبەت هونەری کۆمەڵگەی مۆدێرن و سەرمایەداری. کە لە ڕێگەی نوسینە جۆراوجۆرەکانیەوە، ڕەخنەی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابوریی گرت، کە چۆن کولتوری هاوچەرخ لە قاڵب دەدرێت. بۆئەوەی پتر لە کێشەکە نزیک ببینەوە وردتر ئیشی هونەری ڕاڤە بکەین، گەرەکە ڕاڤەی تێگەی کرۆکی ڕاستی (هەقیقەت) بکەین، چونکە بۆ ئادۆرنۆ "ناوەڕۆکی ڕاستی ئیشە هونەرییەکان چارەسەری بابەتیی ئەو مەتەڵەیە کە هەر ئیشێکیان دەیخاتە ڕو. مەتەڵەکە

بە داوای چارەسەرکردنی، ئاماژە بە ناوەڕۆکی ڕاستی خۆی دەکات. کە بە پەرچاندنی فەلسەفی دەسگیر دەبێت" (Adorno, 2002, 127-128).

لای ئادۆرنۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ڕاستی ئیشە هونەرییەکان، ئەوە نییە، کە ئیشەکە مەبەستییەتی، بە پێچەوانەوە پەیوەستە بەوەی، کە ئایا خودی ئیشەکە لە خۆیدا ڕاستە یان ناڕاستە؟ تەنیا ئەمەیە، کە هاوتایە لەتەک شرۆڤەی فەلسەفی بۆ ئیشەکەو ئیدێکە، واتە بە نەبونی ئەم پەیوەندییە ناوەڕۆکی هەقیقی ئیشە هونەرییەکە هەرگیز بەدینایەت، چونکە "ئەزمونی ئێستێتیک ئەزمونی ڕاستەقینە نییە مەگەر ببێتە فەلسەفە" (Adorno, 2002, 130-131). هەربۆیە لای ئادۆرنۆ پەیوەندیی دیالێکتیکی نەک هەر پەیوەستە بە ئیشەکەوە هەیە، بەڵکو لە "ئەنجامدا ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئیشە هونەرییەکانە. هۆشی ئیشە هونەرییەکان ڕەفتاری ترادیسیۆنی ئۆبژێکتیانە: دژبەری مێمێزیس[xiii] لە هەمان کاتدا ئەو فۆرمەیە کە میمێزس لە هونەردا دەیگرێتەبەر" (Adorno, 2002. 285).

لێرەدا "ئۆتۆنۆمی بەو واتایە نییە، کە ئیشە هونەرییەکان ناتوانن دەرئەنجامی کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەبێت. جیاکردنەوەی ئێستێتیک لە کایەی ئەزمونی کە هەوڵدەدات زاڵ بێت بەسەریدا، مەرجی ئازادی هونەرە، بەڵام پێویست ناکات ئامانجی هونەر بێت" (Yefimenko, 2017, 58) چونکە بۆ ئادۆرنۆ "سەربەخۆیی ئیشە هونەرییەکان، لە ڕاستیدا، پێشوەختە نییە بەڵکو جێگیربونی پرۆسەیەکی مێژوییە کە تێگەکەی پێکدەهێنێت" (Adorno, 2002, 17).

کەواتە لای ئادۆرنۆ هونەری ئۆتۆنۆم، و ئێستێتیکی مۆدێرن و هونەری سیاسی لە ئیدێی هەقیقەتدا بەیەک دەگەن، بەبۆچونی لامبێرت زویدەرڤارت: "ئۆتۆنۆمی پێشمەرجێکی جوتەنییە بۆ ڕاستی لە هونەردا. کاریگەری سیاسی ئیشە هونەرییەکان "پۆتانشێلی شاراوە" ی کرۆکی ڕاستییەکەیانە" (Zuidervaart, 1993, 43). ئادۆرنۆ بۆ ڕاڤەی بۆچونەکەی هەوڵدەدات لە ڕێگەی هونەری مۆدێرنەوە و بەوەرگرتنی چەند ئیشێکی هونەریی، چۆنیەتی گەیشتن بەکرۆکی ڕاستی هونەری شرۆڤە بکات، لەوانە "پیکاسۆ و شۆنبێرگ و بێکێت"، هەرچەند هەندێک لە شرۆڤەکارانی ئادۆرنۆ وەک "ڕیچارد وۆلین و تۆماس هون" تیۆری ئێستێتیکیان وەک "بەرگریکردن لە هونەری مۆدێرن" لێکداوەتەوە. جێگەی ئاماژەیە ئادۆرنۆ "لەنێو هونەری مۆدێرن جیاوازی لە نێوان ئیشی ڕەسەن و ناڕەسەن دەکات". هەرچەند هونەری مۆدێرنیش دەخاتە ژێر ڕەخنەی وردەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا وەک ئەوە نیشانی دەدات، کە چاکسازیی لە لایەنی "ئەرکە ئایدیۆلۆژییەکانی هونەری نێوەندگیری جەماوەری دابین دەکات"، چونکە هونەری مۆدێرن ئەرکی ئایدیۆلۆژیاشی هەیە، بەڵام دەڵێت "مەحاڵ دەبێت ڕەخنە لە پیشەسازی کلتوریی بگیرێت بەبێ ئەوەی لە هەمان کاتدا ڕەخنە لە هونەر بگیرێت". هەرچەند هەندێک پێیان وایە ئادۆرنۆ بەرگری لە هونەری مۆدێرن دەکات، دیدی سەرەتایی ئەم بۆچونە لە "جۆرج لوکاچ[xiv] " وە سەرەتا دەگرێت. لوکاچ ئادۆرنۆی بە نیهیلیستی خۆپەرست ناوزەد کرد. ئەدۆرنۆش گفتوگۆیی "خۆی لە دژی لوکاچ هەم نیگەرانی میتۆدۆلۆژی و هەم نیگەرانی جەوهەری سەبارەت بە ئێستێتیکی مۆدێرنیزم دەردەبڕێت" (Zuidervaart, 1993, 38-42).

ئادۆرنۆ پێیوایە ڕاڤە و بەدیهێنانی هەقیقەتی هونەر لە ڕێگای فەلسەفەوە بەدیدێت، لە تیۆری ئێستێتیکدا دەنوسێت: "کرۆکی هەقیقەت تەنیا بە پەرچاندنی فەلسەفی دەستگیردەبیت" (Adorno, 2002, p. 359)، بە بۆچونی ئادۆرنۆ "زۆرجار ئیشە هونەرییە ئاست بەرزترینەکان"، دەرفەت نادەن لێیانبڕوانرێت [...] زۆرجار پاش نیو سەدە کاریگەرییان نواندوە"، بۆیە پێویستە لە "ناکاریگەرێتییاندا کرۆکی ڕاستی بدۆزینەوە"، "کرۆکی ڕاستی ئیشێکی هونەری" پەیوەستە بە لایەنی دەرەکی کە ئەو ئیشە هەیەتی، لەگەڵ ئەو "ناڕاستییەوە کە لەو شتە دەرەکییەوە دەئەنگوتێت" . لێرەدا مەبەستی

ئادۆرنۆ "لە ناڕاستی هەمەکیتی" یە، هەر ئەو ئیشەی وەک ناڕاستە دەشێت بە ڕاستی دابنرێت". بۆیە گەرەکە کۆمەڵایەتییانە ڕاڤەی ئیشی هونەری بکرێت، "بۆ ئەم ڕاڤەکردنە نابێت لە کەرەسەوە سەرچاوە بگرین" )زاوەرلاند, ٢٠١٢ ١(، چونکە بە دیدی ئادۆرنۆ "ئەوەی لە ئیشە هونەرییەکاندا لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە یەکلاکەرەوەیە، ئەو ناوەڕۆکەیە، کە لە ڕێگەی بونیادی فۆرماڵی ئیشەکەوە دەدوێت" (Adorno, 2002. 230). هەرچەند بۆ ئادۆرنۆ هونەری سەردەمی سەرمایەداری "ناوەڕۆکی ڕاستی ئیشە هونەرییەکان کە لە ڕاستیدا ڕاستی کۆمەڵایەتی ئەوانە، لە سەر کارەکتەری فیتیشیان دامەزراوە" (Adorno, 2002, 221).

لەلایەکی ترەوە تێگەی هۆش، کە پەیوەندی بە کرۆکی ڕاستییەوە هەیە، ئادۆرنۆ پێیوایە، کە "دیالێکتیکی توخم و هۆش ناوەڕۆکی ڕاستییە" (Adorno, 2002, 196) ، واتا هۆش بەشدارە لە ناوەڕۆکی ڕاستی هەر تاکە ئیشێکی هونەریدا، وەک ئادۆرنۆ دەڵێت: "هونەر لە بێدەسەڵاتی خۆیدا پێشبینی هۆشێک دەکات، کە تەنیا ئەوکاتە هەنگاو دەنێت" (Adorno, 2002, p. 29). واتا ئەوە هوشە، هێز و دەسەڵات بەهەر تاکە ئیشێکی هونەری دەدات، بۆ ئەوەی ببێت بەئیشێک پۆتێنشاڵی هەبێت، بەواتایەکی تر بۆئەوەی ئیشەکە ببێت بە پتر لە ئەوێکی تر.

لەلایەکی ترەوە بەریەککەوتنی هەقیقی لەگەڵ ئیشە هونەرییەکاندا لە ڕوبەڕوبونەوەی ئاڵۆزییەکاندا، ڕێگە بە ئیشە هونەرییەکە دەدات لە ڕێگەی پەرچاندن و خەریکگەرییەوە هۆشی خۆی ئاشکرا بکات. کەواتە تێگەی هۆش لای ئادۆرنۆ جۆرە ئاماژەیەکە "بۆ ئازادی هۆشەکی، کە ئیشە هونەرییەکان دەکاتە شتێک زیاتر لە تەنها شتێکی ماتەری" (Singh, 2016, 34). هەروەها ئادۆرنۆ لە جێیەکی تردا دەڵێت: "دیاریکردنی هۆش لە ئیشە هونەرییەکاندا، بەرزترین ئەرکی ئێستێتیکە" (Adorno, 2002, 345).

لای ئادۆرنۆ "ئیشە هونەرییەکان خەریکی ڕەخنەگرتنن لە یەکتر" و هەر لە ڕێگەی ئەم داینامیکییەوەیە کە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، نەک لە ڕێگەی پێشکەوتنێکی مێژویی هێڵی کاریگەرییانەوە. ئیشە هونەرییەکان بە هەستکردن بە دژایەتییەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، هەر ئیشێک وەک نەیاری ئەوانی دیکە لێدەڕوانرێت، وەک ئادۆرنۆ دەبێژێت: "ناوەڕۆکی هەقیقی ئیشە هونەرییەکان لەگەڵ کرۆکی ڕەخنەییان تێکەڵ دەبێت، هەر بۆیە بەرهەمەکانیش ڕەخنە لە یەکتر دەگرن. ئەمە نەک بەردەوامی مێژویی وابەستەییانە، کە ئیشە هونەرییەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە؛ "هەر ئیشێکی هونەری دژی لەناوبردنی ئەوی دیکەیە" یەکگرتویی مێژوی هونەر لە ڕێگەی پرۆسەی دیالکتیکی نکۆڵیکردنی دیاریکراوەوە دەردەکەوێت. ئەم یەکێتییە دیالکتیکییە بۆ ئەوەی هونەر ئامانجی ئاشتەوایی خۆی بەدیبهێنێت، گرنگە هونەرمەندان لە چێوەی ژانرێکی دیاریکراودا، زۆرجار خۆیان وەک بەشێک لە کۆیەکی بناغەیی هەست پێدەکەن، کە ئۆتۆنۆم لە دروستکردنی کەسی ئیش دەکەن، هەرچەندە بە تێگەیشتنێکی سنوردار و ناتەواو لەم یەکێتییە دیالکتیکییەدا (Adorno, 2002, 35).

ئادۆرنۆ جەختی لەوە کردوە، یەکێک لە سیماکانی ئیشی هونەری "کاراکتەری مەتەڵین". واتا هەمو ئیشە هونەرییەکان، "مەتەڵن ئەمە هەر لە کۆنەوە تیۆری هونەری شڵەژاندوە" واتا ئیشە هونەرییەکان بەهۆی ئەم تایبەتمەندیەیانەوە، مرۆڤ ناچاری شرۆڤەی نوێ و پاشان "پەرچاندن دەکەن"، واتا مرۆڤ "هەوڵ بدات ئەو مەتەڵانەی ئیشی هونەری هەڵبهێنێت"؛ تاکو کرۆکی ڕاستی بدۆزێتەوە "کرۆکی ڕاستیی ئیشە هونەرییەکان بریتییە لە هەڵهێنانی ئۆبژێکتیانەی مەتەڵی هەر تاکە ئیشێک. کاتێک ئیشەکە داوای هەڵهێنان دەکات، ئیتر بەمە ئاماژە بۆ کرۆکی ڕاستی دەدات" )زاوەرلاند, ٢٠١٢ , p.٢( بێگومان بۆ ئادۆرنۆ "کرۆکی ڕاستی (*Wahrheitsgehalt*) هێزی بزوێنەری ئیشە ڕزگاریخوازەکانە"

(Zuidervaart, 1993, 32). واتا لای ئادۆرنۆ "مەتەڵینی ئیشە هونەرییەکان تەنیا شتێک نییە، کە هەیەتی، بەڵکو هەمو ئیشێکی ڕەسەن چارەسەری مەتەڵە چارەسەرنەکراوەکەی پێشنیاز دەکات" (Adorno, 2002, 127). "لە کۆتاییدا ئیشە هونەرییەکان نەک لە ڕوی پێکهاتەکەیانەوە بەڵکو لە ڕوی ناوەڕۆکی ڕاستییانەوە مەتەڵن". کەواتە ئیشە هونەرییەکان "بۆ شرۆڤەیان، پێویستییان بە بەدیهێنانی ناوەڕۆکی ڕاستییەکانیان" ە (Adorno, 2002, 128)، کە ئەمەش تەنیا لە نێو ئیشی هونەری ئۆتۆنۆمدا بەدیدێت، کە لە ئەمڕۆی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ئیشی هونەری سنوردارە و وەک شمەک لێدەڕوانرێت.

**ئەنجام:**

ئەنجامی توێژینەوەکە لەم خاڵانەدا پوخت دەکەینەوە:

1- ئێستێتیکی ئادۆرنۆ نوێنەرایەتیەکی گرنگی ڕەخنە لە بوارە جیاوازەکاندا دەکات، بەتایبەت لە دیاریکردنی تێما و کێشە کرۆکیەکانی هونەر لە کۆمەڵگەی مۆدێرن و سەرمایەداریدا.

2- تێزی ڕەخنەیی ئادۆرنۆ چی لە بواری هونەر یان پەروەردەی هونەر بێت، ئەگەر بەکاربهێنرێت ڕۆڵی کارایی دەبێت، لە بەئاگاهێنانەوەی تاک، تاوەکو دیدێکی ڕەخنەیی لە هەمبەر ستەم و نادادییەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی هەبێت.

3- دەتوانرێت سود لە تیۆری ئێستێیکی ئادۆرنۆ وەربگیرێت، بەتایبەت لە بوارەکانی فەلسەفەی پەروەردە و پەروەردەیی هونەر و دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن.

4- دەکرێت لە ڕێگەی ئیشی هونەری ئۆتۆنۆمەوە، مرۆڤ لە کرۆکی هەقیقی کێشەکانی سەردەم تێبگات، چونکە هونەر لای ئادۆرنۆ توانای لە خۆگرتنی موئانات و کێشەکانی کۆمەڵگەی هەیە.

5- دیدی ڕەخنەیی ئادۆرنۆ دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت، بەتایبەت لە گێڕانەوەی بەها بۆ هونەر لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری، کە بەهاکەی بە سودی ماتەری دەپێورێت.

6- ئیشی هونەریی ئۆتۆنۆم توانای ڕیالیزە بونی هەقیقەتی هەیە، بەتایبەت گوزارشت لە نیگەرانی موئاناتی داکەوتی کۆمەڵگە دەکات.

7- دەشێت ئێستێتیکی ئادۆرنۆ وەک پاڵهێزی گۆڕانکاری بەکاربهێنرێت، بەتایبەت ئەگەر سەبژێکتی ئۆتۆنۆم خۆی ڕیالیزە بکات.

**سەرچاوەکان:**


کارۆل زاوەرلاند. (٢٠١٢). ڕێبەرییەک بۆ ئێستێتیکی ئادۆرنۆ، وەرگێرانی لە ئەڵمانیەوە کاوە جەلال،گۆڤاری کۆنسێپت، ١-٣٩.

گێتمان، زیفەرت، ئانیماری (٢٠٠٩). ڕێبەرییەک بۆ ئێستێتیک، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە کاوە جەلال، سلێمانی: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

Adorno، 2005. CULTURE INDUSTRY RECONSIDERED. تألیف: *The Culture Industry Selected essays on mass culture.* London and New York: Routledge، p. 98.

Adorno، E. T. R. a. A. G.، 2002. *Aesthetic Theory.* London,New York: Continuu, Regents of the University of Minnesota.

*DIALECTIC OF ENLIGHTENMENT Philosophical Fragments Edited by Gunzelin* .2002 ،W. T. a. H. M. ،Adorno
United States of America: Stanford University Press in 11/13.5 *Schmid Noerr Translated by Edmund Jephcott.*
Adobe Garamond.

*Commitment, in Notes to Literature, Volume Two, ed. Rolf Tiedemann, trans. Shierry* .1974 ،W. T. ،Adorno
New York: Columbia UP. *Weber Nicholsen.*

& London and New York: Taylor *NEGATIVE DIALECTICS, Translated by E.B.Ashton.* .2004 ،W. T. ،Adorno
Francis e-Library.

London and *Adorno, Theodor The Culture Industry Selected essays on mass culture.* .2005 ،M. J. ،Bernstein
New York: Routledge.

*Theodor Adorno and Max* The Culture Industry: Enlightenment as Mass Deception. .2005 ،A. ،Blunden
Feb. ،*Horkheimer (1944)*

Oxford: Oxford University Press. *Theodor W. Adorno: A Very Short Introduction.* .2022 ،A. ،Bowie

United *Art and Aesthetics After Adorno.* :تألیف Prolegomena to Any Future Aesthetics. .2010 ،J. A. ،Cascardi
pp. 7-40. ،States of America: Regents of the University of California

،*ThinkMetrics* Frankfurt meets Holywood: Adorno and Horkheimer's "The Culture Industry". .2014 ،B. ،Dainow
pp. 1-6. ،February

New York: Cambridge University Press. *The German Aesthetic Tradition.* .2002 ،K. ،Hammermeister

p. 1. ،August 1 ،*The Materiality of the Artwork* The Materiality of the Artwork. .2023 ،v. D. ،Hantelmann

*The Cambridge Companion to Adorno.* :تألیف Introduction Thoughts beside Themselves. .2006 ،T. ،Huhn
United States of America: Cambridge University Press.

مکان غیر *Adorno's conception of autonomous art in light of Kant's and Hegel's philosophies.* .2018 ،I. ،Inceefe
معروف:.Middle East Technical University

Berkeley, Los Angeles, London |: The *Art and Aesthetics After Adorno.* .2010 ،J. M. Bernstein, Claudia Brodsky,
Townsend Center for the Humanities, University of California | Berkeley.

A summary of Adorno and Horkheimer's quite interesting and staggeringly pretentious .2023 ،M. ،Klinger
p. 1. ،8 15 ،*E2 REVIEW* views on Art.

London New York: Bloomsbury Academic. *The Dialectics of Aesthetic Agency.* .2013 ،A. ،Maharaj

*Mediations is the journal of the Marxist Literary* The Importance of Being Autonomous:. .2013 ،J. ،Petsche
pp. 143-158. ،*Group*

p. 28. ،*Universidad de Sevilla* From Hegel to Adorno, The philosophical understandig of art. .2004 ،G. A. ،Pozo

[متصل] *Expression in Adorno's Aesthetic Theory.* .2010 ،H. ،Salles
https://ueaeprints.uea.ac.uk/id/eprint/19910/2/Expression_in_Adorno's_Aesthetic_Theory.pdf Available at:

pp. 32-43. ،*Adorno Studies, Volume 1, Issue 1, March* The Spiritualization of Art. .2016 ،S. ،Singh

p. 1. ‹8 3 ‹*Dialectic of Enlightenment* Dialectic of Enlightenment. .2023 ‹L. S. ‹Trappen

London and New York: Routledge. *Adorno on popular culture.* .2003 ‹R. ‹Witkin

LLC . United States: ProQuest *Sublime Indifference: Reconsidering Aesthetic Autonomy.* .2017 ‹S. ‹Yefimenko

London: MIT Press. *Adorno's Aesthetic Theory: The Redemption of Illusion.* .1993 ‹L. ‹Zuidervaart

زاوەرلاند, ک., ٢٠١٢. ڕێبەرییەک بۆ ئێستێتیکی ئادۆرنۆ، کاوە جەلال لە ئەڵمانیەوە. □□□□□□□ □□□□□□ □□□□□□□, .pp١-٣٩.

گێتمان-زیفەرت, ئ., 2009. □□□□□□□□□ □□ □□□□□□□□□ □□□□ □□□□□ □□ □□□□□□□□□□□□ □□ □□□□□□. سلێمانی: چاپخانەی بینایی.


## پەراوێزەکان:

i "تیۆری ئێستێتیک" (Ästhetische Theorie) یەکێکە لە سەرەکیترین پەرتوکەکانی ئادۆرنۆ دەربارەی هونەر، کە لەدوایی مردنی دەسنوسە تەواو نەکراوەکانی بڵاوکرانەوە، هەروەها دیالێکتیکی ڕۆشنگەریی (Dialectic of Enlightment) (1947) بە هاوبەشی لەتەک ماکس هۆرکیمەر، (Minima Moralia) (١٩٥١) پاشان دیالێکتیکی نێگەتیڤ (Negative Dialectics) (١٩٦٦) لەگەڵ چەند پەرتوک و ئێسەیەکی تر، زیاتر ڕەنگدانەوەی کاراکتەری کۆمەڵایەتیانەی هونەری مۆدێرنن لەتەک خەریکگەریی و ڕەخنەی بوارە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەی مۆدێرن و سەرمایەگەری هاوچەرخ.

ii ئادۆرنۆ لە تیۆری ئێستێتیکدا بەشێوەیەکی ورد، جۆرە جیاوازەکانی ئێستێتیک دەخاتەڕو وەک؛ ئۆتۆنۆمی ئێستێتیک، "ڕواڵەتی ئێستێتیک (*Semblance*)، هەقیقەتی ئێستێتیک، مێژوناسی ئێستێتیک، نۆمینالیزمی ئێستێتیک، چێژگەرایی ئێستێتیک، شوناسی ئێستێتیک، ڕاشنالیزمی ئێستێتیک" بڕوانە: Aesthetic Theory: Adorno, Gretel Adorno and Rolf Tiedemann, Editors، لەگەڵ ڕەخنە و شرۆڤەی ورد لەبارەیانەوە، هەرچەندە ئەم پەیوەندییە بە ئێستێتیکەوە سانا نییە، بەوەی کە جۆرێکی دیاریکراو بێت و ئاماژەی پێبدات، بەڵکو ئاماژەی بە تیۆرەکان داوەو لەو نێوەندەدا تێڕوانین و ڕەخنەیی خۆی لەو بارەیانەوە خستۆتەڕو.

iii (*Intuitive*) :(حەدەس)، ئاماژەیە بۆ زانینی "ڕون و ئاشکرا" لە شت یان لە بارودۆخ، کە پێویستی بە ئیستدلال و بەڵگەی ئەزمونی نییە.

iv تیۆلۆژی: زانستی ناسینی خودا، لقێکی فەلسەفەیە کە تیشک دەخاتە سەر پرسیارەکانی پەیوەست بە ئایین و پەیوەندی نێوان خودا و جیهان.

v ترادیسیۆن: بیروباوەڕێک، پرەنسیپێک، یان شێوازی هەڵسوکەوت کە مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەک یان گروپێکی دیاریکراودا بۆ ماوەیەکی زۆر و بەردەوام پەیڕەوی دەکات.

vi (*agonistic*): ئاماژەیە بۆ ڕوانگەیەک کە جەخت لەسەر ڕۆڵی ململانێ، خەبات، یان کێبڕکێ لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ دەکاتەوە، لەوانە سیاسەت، مۆراڵ و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان. زاراوەکە بە واتای "کێبڕکێ" یان "خەبات" دێت.

vii پیشەسازی کولتوری: ڕۆشنگەری وەک فریودانی جەماوەری: ئێسەیەکە لە پەرتوکی "دیالێکتیکی ڕۆشنگەری" ی ئادۆرنۆ و ماکس هۆرکهایمەر، کە تیایدا پیشەسازی کولتوری کۆمەڵگەی سەرمایەداری، بەوردی ڕاڤەکردوە، کە وەک لایەنێکی ڕۆشنگەری لێدەڕوانن کە خیانەتی لە خۆی کردوە، بە ڕێگەدان بە "لۆژیکی ئامرازی" (*Instrumental logic*) کە مامەڵە بەژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە بکات، بڕوانە: The Culture Industry: Enlightenment as Mass Deception (Blunden, 2005).

viii تێگەی "فیتیش": بەواتای لاسایکراوە، لە هزری ئادۆرنۆدا، چەند واتایەکی هەیە، بە پلەی یەکەم بناغەیی پەیوەندیی لەتەک تیۆری ڕەخنەیی کۆمەڵایەتی مارکس سەرچاوەی گرتوە. زیاتر لە چەند لایەنێک چێبوە: فیتیشیزمی شمەک: کە لە فیتیشیزمی شمەکی مارکس سەرەتایی گرتوە. وەک چۆن لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا (بەرهەم و شمەک) نۆرمێکی جادویی وەهمییان پێدەدرێت، وەک ئەوەی خاوەنی بەها و دەسەڵاتی سروشتی بن. ئەم فیتیشیزەکردنی شمەکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنان و ئیستغلالکردن، کە بنەمای دروستکردنیانن، تەمومژاوی دەکات. ئادۆرنۆ لێکۆڵینەوەی لەوە کردوە، چۆن فیتیشیزم بەشداری لە دوبارەبونەوە و نامۆبونی ژیانی کۆمەڵایەتی لەنێو کولتوری سەرمایەداریدا دەکات. لەنێو پیشەسازی کولتوری دا، شمەکی کولتوریی دەکرێنە فیتیش. ئەم فیتیشە کولتورییانە خزمەت بە بەهێزکردنی ئایدۆلۆژیایی باڵا و بەردەوامکردنی پێکهاتەکانی دەسەڵات دەکەن، بڕوانە: The Culture Industry: Enlightenment as Mass Deception, Theodor Adorno and Max Horkheimer (1944).

ix ماكس هۆركهایمەر: (١٨٩٥-١٩٧٣) فەیلەسوفی ئەڵمانی ڕەگەز جو، یەكێك بو لە پێشەنگ و دامەزرێنەرانی فێرگەی فرانكفۆرت و تیۆری ڕەخنەیی كە، ڕۆڵێكی دیاری لە پەرەپێدانی تیۆری ڕەخنەییدا هەبو، زۆرجار بە ئافرێنەری "تیۆری ڕەخنەیی" دادەنرێت.

x والتەر بنیامین (١٨٩٢-١٩٤٠) تیۆریست و فەیلەسوف و ڕەخنەگری ئەڵمانی بەڕەگەز جو. بەبەشداریی لە بوارە جیاوازەكان ناسراوە؛ فەلسەفە، ئەدەب، ڕەخنەی هونەری، و لێكۆڵینەوەی كولتوری. ئیشەكانی بنیامین زیاتر پەیوەستە بە مۆدێرنە، مێژو، تەكنەلۆژیا، ئێستێتیك و سیاسەت.

xi "ئاڤانگارد": پێشەنگ یان ئافرێنەر لە هونەر، كولتور، یان بیركردنەوە بەكاردەهێنرێت كە، نوێنەرایەتی دابڕنی بناغەیی دەكات لە ڕێكەوتن و نۆرم و نەریتە دامەزراوەكان، هەرچەند زاراڤەكە لە كایەی هونەردا سەرچاوەی گرتوە بەڵام بە شێوەیەكی بەرفراوانتر بۆ بزوتنەوە هزری و كولتورییە جیاوازەكان بەكاردەهێنرێت.

xii ئادۆرنۆ تێگەی 'هزریی ناسنامە' بۆ وەسفكردنی پرۆسەی هزریی كاتگۆری لە كۆمەڵگەی مۆدێرن بەكارهێناوە كە، بەهۆیەوە هەمو شتێك دەبێتە نمونەی ئەبستراكت، بەجۆرێك هیچ شتێك ڕێگەی پێنادرێت بونی تایبەتی هەبێت، بۆیە دەبێتە هۆی نامۆبونی مرۆڤ.

xiii میمێزیس: دارشتنی هونەری كە، "لای ئادۆرنۆ توانستێكی گەردونیی مرۆڤە، پێش هاتنەئارای تاكەكەس وەك ڕەمەكی خۆدەربڕین لەنێو مرۆڤدا هەبوە. ترس كە هەستێكی هەرە سەرەتاییە لە دۆخی سروشتدا، پێویستی بە گوزارشت هەیە. هونەرمەند توانستە گشتی-مرۆڤییەكانی میمێزیس دەردەبڕێت"، بڕوانە: )زاوەرلاند, ٢٠١٢ , .p. 42)

xiv جۆرج لوكاچ (١٨٨٥-١٩٧١) فەیلەسوف و ڕەخنەگر و تیۆریستی ماركسیستی بو، لە فەلسەفە و ئێستێتیك و ڕەخنەی ئەدەبیدا ئیشیكردوە. زیاتر لەبارەی تیۆری ماركسیستی و كاریگەری لەسەر پەرەپێدانی هزری ماركسیستی ڕۆژئاوا ناسراوە.